# یەکبوون

UNITED KURDISTAN

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

خەرمانانی ٢٧١١ — یەکبوون ١٧ — August 2011




## لەم ژمارەیە دا :


- دێموکراسی ... بۆ لاپەڕەی ٢
- یادێک لە مەلا غەفوور دەباغی شاعیر..بۆلاپەڕەی ٥
- ژنان لە تان و پۆی ناسیۆنالیزم دا .. بۆ لاپەڕەی ٦
- کورتە مێژووی شاری سنە - کورسان ... بۆ لاپەڕەی ٩
- مێژووی مۆسیقای کوردی ... بۆ لاپەڕەی ١١
- چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەڕەی ١٣
- تەندروستی ... بۆ لاپەڕەی ١۴
- وتەی زانایان ... بۆ لاپەڕەی ١٥
- پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەڕەی ١۶
- ڕۆژ ژمێری مێژووی کوردستان مانگی گەلاوێژ... بۆ لاپەڕەی ١٧
- یادێک لە هونەرمەندی ناوداری کورد سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی ... بۆ لاپەڕەی ١٩

# دێموکراسی

دەستەواژەی دیموکراسی بۆ وێنەکردنی شێوازێکی حوکمکردن بەکاردێت کە تیایاندا بڕیارەکان بە پێی ڕێنماییەکانی زۆرینەی هاوڵاتیان بەهۆی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی بێگەرد وەردەگیرێن.



ئەم دەستەواژەیە دەکرێ بۆ کۆمەڵێک سیستەمی حوکمکردن بەکار بێ، نەخاسمە کە چەمکەکانی جاری وا هەیە لەشێوەکانی تر تیدەپەڕێنی و زۆر جاریش لەگەڵیان روو دەدات. وشەی دیموکراسی لە وشەی یۆنانی (دیموکراتیا - **demokratia**) وەرگیراوە. وشەی یۆنانیەکە لە دوو بەش پێکهاتووە(**demos**) کەواتە گەل و (**kratein**) کەواتە حوکم لەگەڵ پاشگری (**ia**). کەواتە وشەکە مانای "حوکمی گەلە".

## مێژووی دیموکراسی

دەستەواژەی "دیموکراسی" – یاخود با بڵێین وشە رەسەنە (یۆنانیە کۆنەکە)- لە ئەسینای کۆن لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا داتاشراوە. ئەو دەوڵەتەی ئەسیناش بە کۆنترین نمونەی سیستەمی حوکم دادەنرێت کە لەگەڵ هەندێ لە هزرەکانی حوکمی دیموکراسیی ئێستا دەگونجێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس هەن کە ئەسینای کۆن بە دیموکراسی ناژمێرن چونکە تەنها کەمینەیەکی دانیشتوانەکەی مافی دەنگدانیان هەبوو و ئافرەت و کۆیلە و بێگانەکان لەو مافە بێبەش کرابوونو، تەنها ١٦% دانیشتنوانانی مافی دەنگدانیان هەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەوە دەنگدان لە ئەسینای کۆن لەگەڵ بیرۆکەی دروستکردنی راستەوخۆی بڕیار دەگونجێ لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران وەک ئێستا لە سیستەمی دیموکراسیدا پیادە دەکرێ. بە تێپەڕبوونی کات واتای "دیموکراسی" گۆڕانی بەسەردا هات، و پێناسە نوێکەی لە سەدەی ١٨ هەمەوە تا ئێستا لە لەگەڵ هاتنە کایەوەی سیستەمی "دیموکراسی" لە چەندین وڵات پەرەسەندندایە.

لیکۆڵینەوەکانی دەزگای **Freedom House** باس لەو دەکەن کە لە ساڵی ١٩٠٠ دا تەنها یەک سیستەمێکی دیموکراسی لیبراڵی خاوەن مافی دەنگدانی گشتگیر لە جیهان نەبوو، بەڵام ئەمرۆ ١٢٠(٦٢،٠%) لە ١٩٢ وڵاتەکەی جیهان دیموکراسی لیبراڵن. لەساڵی ١٩٠٠ دا ٢٥ دەوڵەت (١٩،٢%) خاوەنی نەریتێکی سنورداری دیموکراسی بوون و ئێستا ژمارەیان ١٦ دەوڵتە (٣،٨%). هەر لەو ساڵەدا ١٩ یاخود (١٤،٦%) دەوڵەتان خاوەن سیستەمی پادشایەتی دەستوری بوون کە تیایاندا دەستور دەسەڵاتەکانی پاشا کەم دەکاتەوە و دەیدا بە پەرلەمان، بەڵام ئیمرۆ دەوڵەتی لەمجۆرە نییە. دەوڵەتانی تر شێوەی جۆراوجۆری حوکمی نادیموکراسیان هەبوو و هەیە. ئیمرۆ چەندین پۆلێنکردنی پوختەی تایبەت بە دەستەواژەی "دیموکراسی" هەن، هەندێکیان وەک تێۆر و هەندێکیشیان جێبەجێ کراون.

## هەڵبژاردن وەک نەریتێک

هەبوونی هەڵبژاردن وەک مەرجێک بۆ بوونی دیموکراسی بەس نییە. زۆرجار هەڵبژاردن لە لایەن رژێمە تۆتالیتارەکان و دیکتاتۆرەکان بۆ خۆشاردنەو لەژێر پەردەی دیموکراسی بەکارهێنراوە. ئەمەش بە چەندین رێگەی جۆراوجۆرە روو دەدات: • کۆتکردنی لیستی ئەوانەی بۆیان هەیە لە هەڵبژاردنا بەشدار بن. • کۆتکردنی بڕی راستەقینەی دەسەڵات کە بۆ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان هەیە وەریبگرن، یاخود ئەو سیاسەتانەی بۆیان هەیە لەکاتی بوونیان لە پۆستەکانیان هەڵیانبژێرن. • دەنگدان بە راستی ئازاد و بێگەرد نەبێ (بۆ نمونە بەهۆی ترساندنی ئەو کەسانەی دەنگ بە کاندیدێکی تر دەدەن). • ئەنجامدانی ساختەکاری لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە. نمونە مێژوویەکانی ئەم حاڵەتە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەر لە روخانی حوکمی حیزبی کۆمۆنیستی لە ١٩٩١ دەگرێتەوەعیراقی سەدام حوسێن بەر لە روخانی و فلیپین لەژێر حوکمی فردیناند مارکۆسدا.

## دیموکراسی لیبراڵ

وەک باوە دیموکراسی زۆر بەمە لێک دەدرێتەوە کە وەک دیموکراسی لیبراڵە. کەچی لە راستیدا دیموکراسی بەخۆی سیستەمیکی حوکمکردنە و بەهۆی هەڵبژاردنەوە پێناسەکراوە وشەرعیەتی پێ بەخشراوەَ، لە کاتێکدا دیموکراسی لیبراڵ بریتیە لەخۆگرتنەوەی لیبرالیزمی دەستوری، یاخود پاراستنی ژمارەیەک مافی تاکە کەسی لە دەنگدانی زۆرینەوە و، پێچەوانەی ئەمەش لە دیموکراسی نالیبراڵدا دەبینرێ کە هیچ کۆت و بەندێکی لەمجۆرەدا تیا نییە. خەسڵەتەکانی زۆربەی سیستەمە دیموکراتە لیبراڵەکان بریتین لە: • بوونی دەستورێک کە دەسەڵاتی حکومەت سنوردار دەکات و زۆر لە مافە سڤیلیەکان دەپارێزێ • مافی دەنگدانی جیهانی، کە هەموو هاوڵاتیان مافی دەنگدانیان هەبێ بێ ئەوەی رەچاوی رەگەز یا توخم یا بڕ سەروەت و سامان بکرێ • ئازادی رادەربڕین و لەوانە ئازادی قسەکردن و کۆبونەوە و خۆپیشاندان • ئازادی رۆژنامەوانی و سودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی تری زانیاریەکان • ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەکان • یەکسانی لەبەردەم یاسا و یاسا سەروەر بێ و رۆڵی خۆی ببینێ • مافی هەبوونی سەروەت و سامان و سەربەخۆیی کەسایەتی (**privacy**) • مافی خوێندن و زانینی ماف و ئەرکە مەدەنییەکان • بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جێگیر و فراوان • دادگەری سەربەخۆ • بوونی سیستەمێکی کۆت و هاوسەنگیەکان لە نێوان لقەکانی حکومەتدا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم پێناسەیە چەند پێویستییەکی لەگەڵدایە. ئەو بڕیارانەی لە رێگەی هەڵبژاردن وەردەگیرێن هەموو هاوڵاتیان وەرناگیرێن، بەڵکو لە لایەن ئەوانەی لە هەڵبژاردن بەشداربن وەردەگیرێن. جگە لەوەش خۆ هەموو هاوڵاتیان مافی دەنگدانیان نییە. زۆربەی وڵاتە دیموکراسیەکان تەمەنی دەنگدان گروپێکی دیاریکراوی هاوڵاتیان دەگرێتەوە و بەزۆری تەمەنی ١٨ ساڵانە. هەندێ وڵات چەند گروپێکی تری هاوڵاتیان لە دەنگدان بێبەش دەکەن وەک( زیندانیانی تاوانبارکراو چ ئێستا بێ چ لە رابردوودا).

هەندێ جار دیموکراسی لیبراڵ دەبێتە دیفاکتۆی حکومەت لەکاتێکدا شێوەکانی تری دیموکراسی دەبێ ئەو شوێنە بگرن، بۆ نمونە کەنەدا پادشای هەیە بەڵام لە واقیعدا لە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو بەرێوەی دەبات. هەندێ کەس بەکورتی دیموکراسی بەوە پێناسە دەکات کە "حوکمی زۆرینەیە لەگەڵ پاراستنی مافی کەمینە".

## دیموکراسی لەبەرامبەر کۆماری

پێناسەی وشەی "دیموکراسی لە سەردەمی کۆنی یۆنانی و تا ئێستا هەر لە گۆڕاندا بووە. لە بەکارهێنانی ئێستا دەستەواژەی "دیموکراسی" واتای حکومەتێکی هەڵبژێردراو چ راستەوخۆ یاخود نوێنەرایەتی دەدات. لە نێو تیۆری دەستوری و، لە بەکارهێنانی مێژووی بە تایبەتی کاتێک سەیری کردەوەکانی "باوکە دامەزرێنەرەکان"ی ئەمریکا دەکەین پێناسەیکی تری دیموکراسی هەیە. بەپێی ئەو بەکارهێنانە وشەی "دیموکراسی" تەنها مانای دیموکراسی راستەخۆ دەگەیەنێت، لە کاتێکدا دیموکراسی نوێنەرایەتی تیایدا نوێنەرانی گەل بەپێی دەستور حوکم دەکەن و ئەمەیانپێ دەگوترێ "کۆماری".ئەم بەکارهێنانە تا رادەیەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گفتوگۆ ئەکادیمیاییەکاندا باو ماوە. دانەرە سەرەکییەکانی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو لەمەترسیەکانی حوکمی زۆرینە لەسەر ئازادیەکانی تاک گەیشتبوون. (بڕوانە زۆرداری زۆرینە لە خوارەوە). بۆ نمونە جەیمس

سەرچاوە Serchawe

مادیسۆن لە ڕۆژنامەی فیدرالی ژمارە ١٠ بانگەشە بۆ کۆمار دەکات و لە دیموکراسی بە باشتری دەزانێ ئەویش بۆ پاراستنی شێوەی تاقانەی زۆرینە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان کاتدا دانەرانی دەستور وشیارانە دامەزراوەی دیموکراسیان دامەزراند و چاکسازی سەرەکی بەرەو کۆمەڵگەی کراوەیان لە دوتۆی دەستور و بەڵگەنامەی مافەکان چاند. ئەوان بەمەزندەی خۆیان باشترین پێکهاتەکانی دیموکراسیان هێشتەوە و بەهاوسەنگییەکی دەسەڵاتەکان و سیستەمێکی فیدراڵی چەند ئاستیی پاراستیان. پێناسە مۆدێرنەکانی زاراوەی "کۆماری" ئاماژە بۆ هەر وڵاتێک دەکەن کە سەرۆکەکەی هەڵبژێردراو بێ و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو حوکم بکات و، بە پێچەوانەی زۆربەی پادشایەتییە بۆماوەییەکان کە خاوەن سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتین و پادشایەتی دەستوری کە پابەندی سیستەمی پەرلەمانین. (سیستەمە کۆنترەکانی پادشایەتی هەڵبژێردراو بە سیستەمی کۆماری ناژمێردرێن).

## دیموکراسی سۆسیالیستی



بێ دەوڵەتی Anarchy و کۆمۆنیزم (وەک قۆناغی کۆتایی پەرەسەندنی کۆمەڵایەوتی بە پێی تیۆری مارکسی) تیۆری سیاسین کە (لە تیۆردا) شێوەیەکی دیموکراسی ڕاستەوخۆ بەکاردێنێ و دەوڵەتی نییە کە پشت بە گەل ببەستێ. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی دەوڵەتان کە لە لایەن پارتی کۆمۆنیست حوکم دەکران بوونە دەوڵەتی دیکتاتۆری و ئاوهاش مانەوە هەتا پارتەکە لەسەر حوکم مابێتەوە. تیۆردانەرانی سۆشیالیستی وەک Cliff Tony دەیانگوت کە زۆربەی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان بوونە دەوڵەتی دیکتاتۆری چونکە ئەو وڵاتانە کۆمۆنیستەکان تیایاندا هاتنە سەر کورسی دەسەڵات بەگشتی ئەو وڵاتانە بوون کە هێشتا هێزە بەرهەمهێنەرەکانی پەرەسەندن نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە تیایدا پشتیوانی لە سۆشیالیزم بکەن.

بۆ ئەو وڵاتانەی نەریتێکی ڕەسەنی حوکمی زۆرینەیان نەبێ بەدەگمەن هەل ڕەخساندن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد دەبێتە مایەی گواستنەوەی ڕاستەقینە لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسی: بەڵکو گواستنەوەیەکی فراوانتر لە کلتوری سیاسی و داڕشتنێکی پلە بە پلەی دەزگاکانی حکومەتی دیموکراتی وڵات پێویستە. لەمبارەیەشەوە نمونەی جۆراوجۆری وەک (فەرەنسای شۆڕشگێری، ئوگەندای ئێستا و ئێران) مان هەیە کە وڵاتی خاوەنە توانای درێژەپێدانی دیموکراسی بە شێوە سنوردارەکەیەوە تاوەکو گۆڕانێکی کلتوری فراوانتر دەهاتنە کایەوە کە بواریان بۆ حوکمی زۆرینە دەرەخساند. لایەنێکی سەرەکی کلتوری دیموکراسی چەمکی "ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆز - Loyal Opposition". ئەمەیان گۆڕانێکی کلتوری زەحمەتە بە تایبەتی لەو وڵاتانەی دەستا و دەستی دەسەڵات بە ڕێگەی توند و تیژی بووە. زاراوەکە لە ناوەرۆکدا مانای ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی سیستەمی دیموکراسی پابەندبوونێکی گشتی بە بەها بنچینەییەکان کۆیان دەکاتەوە. ڕەنگە نەیارانی سیاسی لەگەڵ یەکتر کۆک نەبن بەڵام دەبێ لێبوردەیی لەگەڵ یەکتری بنوێنن و دان بە شەرعیەتی و گرنگی ڕۆڵی یەکتری بنێن. ڕێسا سەرەکییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە پێویستە هانی لێبوردەیی و نەرمی نواندن لە دانوستانی میللی بدەن. لە کۆمەڵگەیەکی لەمجۆرەدا دۆڕاوەکان بە حوکمی دەنگدەران قایل دەبن لە پاش کۆتایی هەڵبژاردنەکان و، بوار بە دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات دەکەن. دۆڕاوەکان دڵیان بەوە ئارامە کە ژیان و ئازادیی خۆیان لەدەست نادەن و لەبەشداریکردن لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بەردەوام دەبن. ئەوان دلسۆزی سیاسەتەکانی حکومەت نین، بەڵام دڵسۆزی شەرعیەتی بنچینەیی دەوڵەت و خودی پرۆسە دیموکراسیەکەن.

## زۆرینەی ڕێژەیی بەرامبەر زۆرینەی نوێنەرایەتی

هەندێ سیستەمی هەڵبژاردن – وەک جۆرەها شێوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی- هەوڵ دەدەن (لەوانە گروپەکانی کەمینە کە دەنگ بۆ پارتە بچوکەکان دەدەن) ئەوە زامن بکەن کە هەموو گروپە سیاسییەکان بە شێوەیەکی "دادپەروەرانە" لە دەستە پەرلەمانییەکانی وڵات نوێنەریان هەیە، ئەویش بە پێی ڕێژەی دەنگەکانیان لە جیاتی ئەوەی بە پێی ڕێژەی دەنگدەرانیان کە بەهۆیدا دەتوانن زۆرینەیەکی ناوچەیی زامن بکەن (نوێنەرایەتی زۆرینەیی).

ئەم نوێنەرایەتیە لە بەرامبەر جیاکردنەوە تەنها کێشەیەکی تیۆری نییە، چونکە هەردوو شێوەی سیستەمی هەڵبژاردن لە جیهاندا باون و هەریەکەیان جۆرە حکومەتێکی جیاواز لە ئەویتر دێنێتە کایەوە. یەکێ لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی ئەوەیە تۆ کەسێکت هەبێ ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی ناوچە بچوکەکەی تۆ بکات لە وڵاتەکەت، لەبەرامبەر شێوازەکەی تر کە تیایدا دەنگی هەموو هەموو کەسێک سەنگی خۆی هەیە بێ ڕەچاوکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تۆ لە وڵاتدا. هەندێ وڵات وەک ئەڵمانیا و نیزلەندا خوازیارن هەردوو جۆری نوێنەرایەتی ناوچەیی و ڕێژەییان هەبێ بەڵام بەشێوەیەک پێشێلی یەکتر نەکەن. ئەم سیستەمەش بەناوی ئەندامێتی تێکەڵاوی ڕێژەیی (mixed Member Proportional ناسراوە.

## سوود و خراپیەکانی دیموکراسی

### حوکمی دەوڵەمندەکان Plutocracy

ڕەنگە تێچوونی ئەنجامدانی هەڵمەتی سیاسی لە سیستەمە دیموکراسیەکان واتای ئەوە بدات کە سیستەمەکە هەڤیازی کەسانی دەوڵەمەند دەکات، یاخود کاندیدەکان هاندەدات سەفقە لەگەڵ کەسانی دەوڵمەند ببەستن بۆ وەدیهێنانی پەرلەمانێک بە دڵی ئەوجۆرە پشتیوانانە پاش سەرکەوتنی کاندیدەکانیان دێتە کایەوە. لە لایەکی ترەوە دەوڵەمەندەکان تەنها کەمینەیەکی بچوکن لە نێو دەنگدەراندا. پێچویستە میدیکان لە سیستەمی دیموکراسی سەربە هیچ پارتێک نەبن. میدیای بیستراوی پارتەکان – لە ڕێگەی پەخش یا بڵاوکراوەکان- زۆربەیان سەربە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتن. هەندێ لە ڕەخنەگران دەڵێن کە ڕەخنەی ڕەوای دژی سەرمایەداری لە لایەن ئەمجۆرە کۆمپانیانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانیان کپ دەکرێنەوە. بەلاچم لایەنگرانی ئەو کۆمپانیا بەوە وەڵام دەدەنەوە کە ئازادی ڕادەربڕین کە دەستور دەیپارێزی بوار ڕێکخراوی بازرگانی و ڕێکخراوی خۆبەخش میدیا خۆیان دامەزرێنن و ڕەخنە لە سەرمایەداری بگرن. هەروەها دەڵێن سەرنەکەوتنی ئەوجۆرە میدیایانە ڕەنگدانەوەی ویستی جەماوەرە نەک سانسۆرە لە سەر میدیاکان.

### جەختکردنی کورتخایەن

ئەو ماوە کورتەی بەر لەوەی حکومەت ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی نوێ ببێتەوە ڕەنگە هاندەرێک بن بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتانە دابرێژرێن و جێبەجێ بکرێن کە سودی کورتخایەنیان بۆ دەنگدەران هەبێ، نەک جێبەجێکردنی سیاسەتیبَک لە ماوەی کورتدا زەحمەت بێ بەڵام بەرهەمی پاش چەندین دەیە یان سەدەیەک دەبێ.

### زۆرداری حوکمی زۆرینە

ئەم پرسە لە بابەتی زۆرینەییش باس کراوە. حوکمی زۆرینە چ مافێکی فراوان و گشتگیری تیابێ یان نە مەترسی "زۆرداری زۆرینەی" هەیە. ئەمەش بە واتای ئەو ئەگەرەی کە سیستەمی دیموکراسی نوێنەری هەڵبژێردراو دەسەڵاتدار دەکات بە ناو و بۆچونی زۆرینە کەمینەیەک بچەوسێنێتەوە. ئەمەش بێگومان لەبەینبردنی ئاواتی دیموکراسییە کە بریتیە لە دەسەڵاتپێدانی هاوڵاتیانە بەگشتی. بۆ نمونە لە سیستەمی دیموکراسی دەکرێ دەستەیەکی نوێنەران هەلبژێردرێ دەسەڵاتی هەبێ کەمینەیەک (ئاینی، سیاسی ....تاد) تاوانبار بکات (چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بێ). ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەکن کە تیایاندا زۆرینە بەشێوەیەکی گۆمانلێکراو لەبەرامبەر ویستەکانی کەمینەیەک هەڵس و کەوتی کردووە:

سەرچاوە
Serchawe

لە فەرەنسا هەندێ کەس پێیان وایە قەدەغەکردنی هێما ئاینییە کەسایەتییەکان لە قوتابخانەکانی میری پێشێلکاری مافە ئاینیەکانی مرۆڤە.

## لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی سێکسی بە نایاسایی دادەنرێ ئەگەر بابەتەکە "پێوەرەکانی کۆمەڵگە" بۆ ئابڕووی ببەزێنێ.

چالاککارانی بواری" پشتیوانی ژیان" (دژی لەباربردن) منداڵی لەدایک نەبوو لە سکی دایکیان بە کەمینەیەکی چەوساوە و بێ ئومێد و مافخوراو ناو دەبەن.

لە ئەمریکا رەشنوەسی یاسای شەڕی ڤێتنام ئەو رەخنەیەی لێگیرا کە کەمینەیەکی مافخوراو کە گەنجانی تەمەن نێوان ١٨ – ٢١ ساڵانن دەچەوسێنێتەوە. وەک وەڵامدانەوەیەکیش بۆ ئەمە تەمەن ناونوسکردن بۆ خزمەتی سەربازی بۆ ١٩ ساڵ بەرز کرایەوە و تەمەنی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە کەمنتر کرایەوە (لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێ ویلایەت تەمەنی دەستپێکردنی مەی خواردن کەمتر کرایەوە). هەرچەندە ئەوانەی بۆ سوپا ناونوس دەکران هەرچەندە مافخوراو نەمانەوە بەڵام هێشتا ژمارەکانیان بەقەد ئەوانی تر نەبو.

زۆربەی جار زۆرینە باج بەسەر کەمینە دەسەپێنێ کە دەوڵەمەندە بەرێژەیەکی بەرز و هەردەم لە زیادبووندایە، ئەمەش بە نیەتی ئەوەی دەوڵەمەندەکانی باجێکی زۆرتر بدەن بۆ خزمەتکردنی مەبەستی کۆمەڵایەتی.

ئەوانەی بۆ رابواردن مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنن هەندێ کەس بە کەمینەیەکی بەرچاویان دەبینی کە لە لایەن زۆرداری زۆرینەوە لە چەندین وڵات بە رێگەی تاوانبارکردن بە بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان دەچەوسێندرێنەوە. لە زۆر وڵات ئەوانەی بە تۆمەتای بەکارهێنانی مادە سرکەرەکان مافی دەنگدان لەدەست دەدەن

رەفتاری کۆمەڵگە لەگەڵ لوتی و نێربازەکانیش لەم روانگەیەوە سەیر دەکرێ. نمونەیەکیش لێرەدا بە تاوان دانانی نێربازیە لە بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەهەم و بەشێک لەسەدەی بیستەمدا، کە تیشکی خرایە سەر بە هۆی دادگایکردنی هەرەیەک لە ئۆسکار وایڵد و ئاڵن تورینگ.

رجێمە دیموکراسۆیەکەی ئەسینا سوقراتی بە تۆمەتی بێئاینی لە سێدارەدا یاخود بەهۆی رای جیاوازدا. ئینجا چ ئەمە بۆ مەترسیەکانی دیموکراسی سەردەم بشێن یا نە تا ئێستاش بابەتی ناکۆکیەکی بەردەوامە.

ئەدۆڵف هیتلەر کە بەرزترین رێژەی کەمینەی لە مێژووی کۆماری ڤایمار لە ساڵی ١٩٣٣ وەدەست هێنا.

رەنگە هەندێ کەس وای بۆ بچێ کە ئەمە نمونەیەکی زۆرداری کەمینە بێ چونکە هیتلەر لقەت زۆرینەی دەنگی وەدەست نەهێنا. بەڵام لە لایەکی تر خوی سیستەمە دیموکراسیەکان (رەنکە پێویستیش بێ) رەنگە لە کۆتاییدا دەسەڵات بدەنە دەستی کەسێک یا لایەنێک کە سەرکردایەتی گەورەترین کەمینە دەکات، هەر بۆیەش بەرزبوونی هیتلەر ناکرێ لەو لێهاتوویيەی دیموکراسی بەدوور بگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکاری فراوانی مافی مروڤ پاش لەناوبردنی سیستەمە دیکوکراسیەکەی ئەڵمانیا سەریان هەڵدا. و هەروەها دەستوری کۆماری ڤایمار و لە حاڵەتێکی "بارای نائاساییدا" بواری بە دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکاندا و هەڵپەساردنی بنەماکانی دەستور بەبێ هیچ دەنگدان یاخود هەڵبژاردنێک، کە ئەمەیان کارێکی ئەستەمە لە زۆربەی سیستەمە دیموکرات لیبراڵەکاندا. پشتیوانانی دیموکراسی بەم شێوەیە بەرپەرچی ئەم رەخنانە دەدەنەوە:

**یەکەم:** بوونی دەستور لە زۆر لەو وڵاتە دیموکراتەکان وەک پاراستنێکە لە دژی زۆرداری زۆرینەدا. بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەو دەستورانە پێویستی بە دەنگی زۆرینەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان هەیە، یاخود پێویستی بە دادوەرێک و دەستەی سوێندخواردوان هەیە بۆ ئەوەی پەسندی بکەن کە دەوڵەت پێوەری بەڵگەیی و رێوشوێنی جێبەجێکردووە، یاخود پێویستی بەدوو دەنگدانی جیاواز هەیە لە لایەن دوو گبوپی نوێنەران کە بەهۆی هەڵبژاردنێکدا جیاکراون، یاخود لە حالچەتی دەگمەندا پێویستی بە ریفراندۆم هەیە. زۆر ئەم پێداویستیانە تێکەڵ دەکرێن. هەروەها جیاکردنەوە دەسەڵاتەکان بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن و دادگەری ئەمەش رێگەیەکی ترە بۆ زەحمەتکردنی سەپاندنی ویستی زۆرینەیەکی کەم بەسەر بەشەکانی تری هاوڵاتیاندا. ئەمەش بەو واتایە دێت کە زۆرینە ئێستاش دەتوانی شت بەزۆر بەسەر کەمینە بسەپێنێ (کە تا ئێستاش لە رووی ئەخلاقییەوە مایەی ناکۆکیە)، بەڵام ئەمجۆرە کەمینەیە دیارە زۆر بچوک دەبێ، بەڵام بەگشتی زۆر زەحمەتترە ریچژەیەکی زیاتری خەڵک بەمجۆرە کردارانە قایل بکەی.

**دووەم:** لەمبارەیەوە کە زۆرینە و کەمینە هەڵوێستی جیاجیان هەیە لەمەڕ کێشە هەمەجۆرەکان. زۆر جار خەڵکی دەگەڵ زۆرینە لەبارەی هەندێ پرس کۆک دەبن و لەگەڵ کەمینە لەبارەی هەندێ پرسی تر کۆک دەبن. بۆچونی مرۆڤیش رەنگە بگۆڕێ. بۆیە رەنگە ئەندامانی زەۆرینەیەک سنورێک بۆ چەوساندنی کەمینە دابنێن نەخاسمە کە ئەگەری ئەوە هەیە بەخۆیان لە ئایندەدا ببنە ئەندام لە کەمینەیەکدا.

**سێیەم:** قسەیەکی باو هەیە کە دەڵێی سەرەڕای مەترسیەکان حوکمی زۆرینە لە جۆرەکانی تری حوکم باشترە و "زۆرداری زۆرینە" بەهەر حاڵ پێشڤەچونێکە بەسەر "زۆرداری کەمینەدا" هاتووە. پشتیوانانی دیموکراسی دەڵێن کە هەموو بەڵگە زانستیەکان پێشان دەدەن دیموکراسی زیاتر دەبێتە هۆی کەمبوونی توند وتیژی و ولەناوچوونی دیموکراسی. ئەمەشیان هەندی جار بە "یاسای رومل" ناودەبرێ کە دەڵێ خەڵک چەند ئازادیە دیموکراسیەکانیان کەم بن ئەوەندەش ئەگەری ئەوە هەیە دەسەڵاتدارەکان ئازادیەکانیان لەناو ببەن.

## سەقامگیری سیاسی

لەبارەی دیموکراسی قسەیەک هەیە کە هینانە کایەوەی سیستەمێک کە تیایدا خەڵک دەتوانن ئیدارەکان لاببەن، بێ ئەوەی بناغە یاساییەکانی حکومەت بگۆڕن و حکومەتی دیموکراسییە مەبەستی کەمکردنەوەی نادیاری و ناسەقامگیری سیاسی و دڵنیاکردنی هاوڵاتیان کە هەرچەندە ئەوان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێستا کۆک نین بەڵام دەرفەتیان پێ دەدرێ بەشێوەیەکی رێک وپێک ئەو دەسەڵاتدارانە بگۆڕن یاخود ئەو سیاسەتانە کە جێگەی نارەزاییبونیانە بگۆڕن. ئەم سیستەمەش لەو سیستەمە باشترە کە گگۆڕانکاریی سیاسیی تیایدا بەهۆی توند و تیژی دەبێ. هەژاری زیادبوونی رێژەی دیموکراسی لە ولاتێک بە بەرزبوونی رێژەی کۆی گشتی بەرهەمی نیشتیمانییەوە بەندە، کەواتە کەمبوونی رێژەی هەژاری لەو وڵاتەدا. بەڵام ئەو بۆچونە تا ئێستا هەموو کەس لەسەری کۆک نەبوون، چونکە کەسانێک هەن دەڵێین کە بەڵگەکان پشتیوانی لەو بۆچونە دەکەن کە سەرمایەداری زیاتر - کە بەهۆی ئازادی ئابوری پێوانە دەکرێ- پەرەسەندنی ئابوری زیاد دەکات و ئەویش خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیان زیاتر دەکات و لەئەنجامدا دیموکراسی دێنێتە کایەوە. ئابوریناسی ناودار ئەمارتیا سن ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ دیموکراسییەکی کارا دووچاری گرانییەکی فراوان نەبووە. ئەم قسەیەش بە پێی بەڵگەی مێژووی ئەو دیموکراسیانەش دەگرێتەوە کە زۆر دەوڵەمەند نەبوون وەک هیندستان کە دواترین گرانیی لە ساڵی ١٩٤٣ و چەندین گرانیی تری فراوان لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە سەردەمی حوکمی بەریتانی بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچونی هەندێ توێژەران گرانییەکی ساڵی ١٩٤٣ کە بەنگلادیشی گرتەوە هۆیەکەی بۆ شوڕی جیهانیی یەکەم دەگەڕێتەوە. (پێویستە بگوترێت حکومەتی هیندستان بەردەوام پێشڤەچوونی دیموکراسی بەخۆوە دەبینی و ئەو رەوشە حکومەتە هەرێمیەکانیشی گرتەوە لە وەتەی دەرچونی یاسای ساڵی ١٩٣٥ دا).

## شەڕەکان

بە پێی تیۆری ئاشتی دیموکراسی بەڵگە زانستیەکان دەیسەلمێنن کە سیستەمە دیموکراسیەکان هەرگیز شەڕ دژ بە یەکتری ناکەن. نمونەش لێرەدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە کە شەڕەکانی نێوان ساڵانی ١٨١٦ تا ١٩١٩ ی گرتەوە، شەڕ بە پێی لێکۆڵینەوەکە بەوە پێناسە دەکرا کە کردارێکی سەربازیە و لە شەڕێکدا (١٠٠٠) کەسی تیا دەکوژرێ و، دیموکراسیش بەوە پێناسە دەکرا کە سیستەمێکە تیایدا رێژەی دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی نێرینە مافی دەنگدانیان هەیە. ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەریان خست کە ١٩٨ لەو شەڕانە شەڕی نێوان وڵاتانی نادیموکراسی

سەرچاوە
Serchawe

بوون و، ١٥٥ شەڕیش لە نێوان وڵاتانی دیموکراسی و نادیموکراسی بوونە و، هیچ شەڕێک لە نێوان دوو وڵاتی دیموکراسیدا رووی نەداوە لەو ماوەی.
(www.hawaii.edu/powerkills/MIRACLE.HTM). بەڵام ئەم تیۆرە مایەی ناکۆکیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بارەیەوە هەیە.
هەندێ جار سیستەمە دیموکراسیەکان وەڵامدانەوەیان بۆ بارودۆخی شەڕ زیرەکانە نییە. هۆیە ئەمەش بۆ بیۆرۆکراسی و دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ بڕیاروەرگرتن دەگەڕێتەوە، چونکە لە سیستەمی دیموکراسی پەرلەمان دەسەڵاتی جاڕدانی شەڕی هەیە، هەرچەندە جار وا هەیە حکومەت کرداری شەڕ دەستپێدەکات و لە هەمان کاتیش ئاگاداری پەرلەمانیش دەکات. ئەگەر بەسەربازکرنی زۆرەمیلی یاسایی بێت ئەوە بۆ هاوڵاتیان هەیە پرۆتیستۆی ئەو بەسەربازکردنە بۆ شەڕ بکەن.لە تیۆردا سیستەمەکانی پادشایەتی و دیکتاتۆری دەتوانن یەکەوسەر جاڕ شەڕ بدەن بەڵام زۆرجار وا ناکەن. بەگشتی و بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش سیستەمە دیموکراسیەکان لە بەاری پاراستین ئاسایشی خۆیاندا لە سیستەمەکانی تردا بە تواناتر بوونە.

سەرچاوە : لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## یادێک لە مەلا غەفووری دەباغی شاعێری نابینا ، و نیشتمانپەروەری کورد ، بە ناز ناوی حافزی مەهاباد

مەلا غەفووری دەباغی شاعێری کورد و بە ناز ناوی حافزی مەهاباد، لە ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی هەتاوی لە شاری سە قز لە دایک بووە. دەرویش عەبدوڵای بابی چەرمچی (دە باغ) بووە بە هۆی پێشەکەی ماوەیک پاش لە دایک بوونی غەفوور لە سەقز دەڕوات و دەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری بانە نیشتەجێ دەبێ. غەفوور لە تەمەنی سێ ساڵەیی خورێلکە (هاوڵە) دەگرێت و سووی چاوی لە دەس دەدات. لە حەوت ساڵەیی دا بابی دەینێرێتە کن میرزا محەممەد کەریمی نامی تا قورئان لە بەر کات و ئەویش تا چاردە ساڵەیی نیوەی لە بەر دەکات. هەر ئەو ساڵەش (واتە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی) بە هۆی داگرسانی ئاگیری شەڕی گەورەی دووهەم لە ئێران دا و لاواز کەوتنی حکوومەتی ناوەندی، محەممەد ڕەشید خان لە بانە دژ بە دەوڵەت رادەوەستێ و شۆڕش دەکات و باری ئەو هەرێمە لە ئارامی دەکەوێ و دەوریش عەبدوڵا و بنەماڵەکەی کوچ دەکەن بۆ مەهاباد. لە مەهاباد دا غەفوور لە کن مەلا محەممەد حاجی بایەزید کاری ناتەواوی خۆی تەواو دەکات و تا ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی هەمووی قورئان لە بەر دەکات و لە کن قازی محەممەدی خزری نزریوە یی بڕێک دەرسی فەقایەتی دەخوێنی.




پاش کوودەتای عەبدولکەریم قاسم لە هاوینی ١٣٣٨ هەتاوی لە عێراق، دەس دەکاتە کوتنی شێعر بۆ خەڵکی نەدار و هەژار. لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی خەتی برەیل (خەت و نووسینی کوێرەکان) فێر دەبێت و کۆمەڵێ پەند و مەتەڵۆکە و کورتە چیرۆک کۆ دەکاتە و کە ساواک لێی ڕوون دەبی و لێی دەستێنی و قەد قەد بە خۆی و کەسی دیش نایداتەوە.
لە ئە نجام دا لە ڕۆژی بیست و یەکمی گە لاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٢ی ئاگوستی ١٩٩٠ ) ژیانی بە سەر دێت و لە سەر قەبرانی بوداق سوڵتانی مەهاباد و لە کن مامۆستا هێمن ی نەمر دەنێژرێت. دیاری مەهاباد و پەندی پێشینیان و وە رگێراوی چوارینەکانی فەرۆخی یەزدی لە چاپ دراوە کانین.

سەرچاوە : لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## وەسفی سەردەشت



**مەلا غەفوور دەباغی**



ژن و پیاوی روناکبیرن بە هەستن تا بڵێی ژیرن
هەموو چالاک و جوامێرن، بە ڕاوی دوژمنان فێرن
گەلێ خوێن گەرم و دڵ پاکن، غەنیمی زۆڵ و ناپاکن
بە حیلم و حەوسەلە و سەبرن، لە کاتی هێرشا بەبرن
سڵاو بۆ فێرگەکان و خوێندەوارانی درشت و ورد
سڵاو بۆ هێزی پێشمەرگە، کە بۆ دوژمن نیدای مەرگە
سڵاو بۆ گەنج و لاوی کۆڵنەدەر پارێزەری خاکن
سڵاو بۆ گیانی ئاوارە، شەهیدی بەرزی ئەو شارە
لە لایەن عیدەیەک بێ ئابرووی ئەو سەردەمە گیرا
دەست و پێی کەوتە زنجیر و خرا ژێر زەجرەبەو ئازار
لە ئەنجاما شەهیدیان کرد و ئێستا گۆڕی پیرۆزی
سڵاو بۆ هەر کەسێ گیانی بەخت کرد بۆ گەل و هۆزی

گەلێ پاکتر لە شیرن تاقمی لاوانی سەردەشتێ
نەترسن تۆرمەی شێرن، کوڕ و کیژانێ سەردەشتێ
لە شەر بێ ترس و باکن، تیپی خوێندکارانی سەردەشتێ
بە تاقەت وەک هوژەبرن، کۆمەڵی گەنجانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ جەمعی مامۆستا و قوتابییایەکانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ گیان لە سەر دەست و فیداکارانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ شۆڕشی کورد و خەباتگێرانی سەردەشتێ
لە ڕێی ڕزگاری گەل بۆتە، یەکەم قوربانی سەردەشتێ
درا دەست دوژمنانی گەل، لە دیوالانی سەردەشتێ
گەلێ عازاب و ڕەنجی دی، لە ناو زیندانی سەردەشتێ
زیارەتگای گەلی کوردە، لە گۆڕستانی سەردەشتێ
لە پێدەشت و چیا و کەژ، یا لە دارستانی سەردەشتێ

ئەم شێعرە یەکجار دوور و درێژە و منیش تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کە ئەو بەشەی پەیوەندی بە خۆراگری مەلا ئاوارە و پێشمەرگەوە هەبوو بخەمە بەر دەستی خوێنەران
٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاویی ( ماڵپەری گیارەنگ – حەمە ڕەسووڵ کەریمی)

# ژنان لە تان و پۆی ناسیۆنالیزم دا

سۆران عەلیپوور

کورد وەک قەوارەیەکی نایەکگرتوو و ناسنامەیەکی بریندارو جوغرافیایەکی پارچە پارچەبوو، یەکێک لە گرێ ئاڵۆزەکانی دنیای مۆدێرنە، چیرۆکی گەڕان بە دوای شوناس و شوێنگەی خۆی دا و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دا، تاکی کوردی کردووە بە بوونەوەرێکی ئایدیالیست کە هاوکات کەسایەتییەکی ناجێگیر و شوێنگەیەکی ناجێگیر و دەروونێکی ناجێگیری هەیە و ئەو وێناکردنە لە سەر ئاستێکی فراوانتریش و لە سەر ژیان و ژیاری گرووپی ئەو مرۆڤانە وەک نەتەوەیەک هەمان ڕەنگ دانەوەی هەبووە،گرێی دەروونی نەگەیشتن بە خەونی ناسیۆنالیستی و قەوارەی سیاسی بەشێکی بەرچاوی شوناسی کوردی داگیرکردووە.




خولیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پشکێکی گەورەی لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخی کوردیدا پێ بڕاوە، قەڵەمڕەوی ئەو تێڕوانینە ئیدیالیستیە و کارکردی لە سەر ئەرزی واقع هێند بەربلاوە کە سەرلەبەری هێز و پوتانسیەلی کۆمەڵی کوردی بە ژنانیشەوە خستۆتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. سەفەری مرۆڤی کورد بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەو هۆویەتیی پارچە پارچەکراویی دا بووە بە گوتاری باڵادەست، هەژاری تیۆریک و دواکەوتویی و نەخوێندەواری و لاوازی ڕێبەریی و کێشە و ململانێ نێوخۆییەکان و فاکتەرە دەرەکییەکان و .......نەیانتوانیوە ڕۆڵی ژنان وەک هێزێکی مرۆیی گەورە و توێژێکی کۆمەڵایەتیی یەکلاکەرەوەو لەو سەفەری گەڕان بە دوای هۆویەتە دا دەرک بکەن.

ڕێکخراو و دامەزراوە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتیی خەونە ئایدیالیستییەکانی کورد دەکەن، زیاتر لە دیاردەکانی دیکەی مێژووی هاوچەرخی ئێمە پێویستیان بە خوێندنەوەو لێ تێگەیشتن هەیە، پارادۆکسی دامەزراندنیان لە نێوان فۆرمێکی مۆدێرن و ئامانجی مۆدێرن لە لایەک و پێکهاتەیەکی نەریتی لە نێوخۆی ڕێکخراوەکان دا و لە کۆمەڵگەی کوردیش دا ئەوانی لەگەڵ دەردێکی زگماک دا گیرۆدە کرد، نەخۆشی چۆنیەتیی پێناس کردنی خۆیان لە نێو پێکهاتەی ئاڵۆزو لێک دابڕاوی کۆمەڵگەی کوردی دا. ئەوە فاکتێکی سەرەکی بوو لەوەی کە دروشمە پێکهاتەشکێن و مۆدێرنەکان تەنانەت لەگەڵ کەشی نێوخۆی ڕێکخراوەکانیش دا وەک تێکستێکی دەق نەشکاوی نێو پێڕەو و پرۆگرامەکان بمێنێتەوە.

ئایا بزووتنەوە و پارتە کوردییەکان چۆن لەگەڵ هاوسەفەرێکی دیکەدا کە هاوکات خەونی یەکسانی و فێمێنیستیی لە سەر دایە مامەڵەیان کردوە و دەکەن؟ ئایا سەفەری ئەو دوو ڕێبوارە بەرەو یەک وێستگەیە و بەردەوامی کامەیان بە ئەوەی دیکەیانەوە بەستراوەتەوە؟

مێژووی کەم نەتەوە هێندەی نەتەوەی کورد، بە تایبەت لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا بە بزووتنەوە و ڕاپەرینەکانیەوە بەستراوەتەوە، وێنا کردنی مێژووی نوێی کوردەکان بە بێ وێنا کردنی ڕاپەرین و بزوتنەوەکانیان کارێکی ئەستەم و پڕ کەم و کوڕیە، ئەو دۆخە ئەگەر خاڵێکی ئەرێنی هەیە واتە فۆکوس کردن لە سەر دڵی هەمیشە زیندووی نەتەوەیەک کە بۆ ئازادی لێدەدا، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی نەرێنیشی زۆرن، لەوانە پشت گوێ خستنی خوێندنەوە و لێکدانەوەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاریی و شارستانی کورد. لە ڕووی تیۆرییەوە یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو دەرکەوتەیە ژنانن، ئەو هێژموونییە هەم ڕەنگ و ڕوویەکی سیاسی دەدا بە کێشەی ژنان و دواى دەخا بۆ سەردەمێکی دیکە، هەم ڕۆڵی ژنانیش لە خودی هێژموونیەکەدا لاواز دەکا.

لەبارەی بزووتنەوەوە:

یادەوەرییەک کە لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، خودی چەمکی «بزووتنەوە»ی تووشی لێلی و ئەو کەسانەشی تووشی دردۆنگی کردووە کە بە جۆرێک پێوەندیان بە بزووتنەوەکانەوە هەیە، توێژینەوە کلاسیکییەکان باسیان لە خۆڕسک بوون و بەرفراوانی و بەهێزی و پێگەیشتوویی بزووتنەوەکان دەکرد، وەک بزووتنەوەی بەلشەوییەکانی ڕوسیە، یا بزووتنەوەکەی مهاتما گاندی... لە کاتێک دا ڕوانگەی نوێ بۆ «بزووتنەوە» جۆرێک لە پێرسپێکتیڤ دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ ڕوانگە کلاسیکیەکە مەودا دەگرێ.

ڕۆدێلف هێبێرل دەڵێ: «بزووتنەوە هەوڵێکی گشتییە بۆ گەیشتن بۆ کۆمەڵە داواکارییەک بە تایبەتیی گۆڕینی هێندێک نەهادی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو» لە لایەکی دیکەوە هێربێرت بلومێر دەنووسێ: «کۆمەڵە دەسپێشخەرییەکە بە مەبەستیی دروست کردنی نەزمێکی نوێ لە ژیان دا»

تایبەتمەنییەکانی بزووتنەوەیەک چییە؟

* بزووتنەوە لە دەروونی کۆمەڵێک خەڵکی ناڕازییەوە سەرهەڵبدا، واتە خەڵکێک هەبن کە دژایەتی دۆخی هەنووکەیی بکەن.

* بێجگە لە دژایەتیی کردنەکە بەرەو ڕەخنە گرتن لە نۆرم و گۆڕینی ستراکتۆرەکانیش هەنگاو بنێن، ئەو دژایەتیی کردنە دەتوانێ ڕووی لە مەسەلەیەکی تایبەتی بێ یان بە گشتی دۆخی هەنووکەیی بێنێتە ژێر پرسیار.

سەرچاوە Serchawe

٭ بۆ وەدیهێنانی ئەو گۆڕانکاریانە دەبێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەیدانی پراکتیک دا بوونیان هەبێ و بەردەوام بن، تایبەتمەندی(بەردەوامی) لای زۆربەی تیۆریسیەنەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان پەسندە.

٭ بە پێچەوانەی دیدی باو بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان بە تەواوی رێکخراو و ئۆرگانی نین، تیۆریسیەنەکانی وەک فریمان و هێبێرل پێیان وایە کە پێویستە بزووتنەوەکان خاوەنی سترەکتورێک بن، بەلام هەبوونی رێکخراوێک یان حیزبێکی سیاسی پێویست نیە.

٭ تایبەتمەندی پێنجەم کە زۆر گرینگی پێ دەدرێ، هەبوونی تەعەهودێک و دەرکێکی گشتییە لە ئامانجەکان، هێبرێل بەوە دەلێ» هەستی شوناسی گرووپی». واتە ئێنتمایەک کە گرووپێک پێکەوە گرێ دەدا.

ئەو تایبەتمەندیانە دەکەینە بەردەبازێک بۆ پرسیارێکی کلێشەیی لە دنیای ئێمە دا، کە ئەرێ گەلۆ بزووتنەوەی فێمینزم لە کوردستان بوونی هەیە یان نا؟ لە بنەڕەتەوە کۆمەڵێک کەس لەگەڵ هێنانە گۆری پرسیارێکی ئاوا کێشەیان هەیە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو پاساوەی کە فێمێنیزم ناتوانێ لۆکالی بکرێ و ئەو فۆرمە گلۆبالی و سنوور نەناسییەی ون بکا. ئەو گرووپەی دیکەش کە بە بەڵێ یان نەخێر ولام دەدەنەوە، کۆمەڵێک فاکت دەخەنە روو. کە لەو وتارەدا ناپرژێینە سەری. خودی پرسیارەکە هەرچەند لە وروژاندنی دا سادەییەک بەدی دەکرێ، بەڵام بە ولامێکی ئەبستراکت و یەک لایەنە قەناعەت ناکا، لەوانەیە ئەو رێژەیی بوونە پارسەنگێکی لۆژیکی بێ لە پرسیارە تیۆرییەکان دا. بە گەڕانەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ بزووتنەوەیەک هەیبێ، ئاشکرا دەبێ کە لە کوردستان دا بزووتنەوەیەکی ژنانە هەیە کە هەڵگری بەشێک لەو خەسڵەتانە بێ و لە هێندێکیشیان بێبەری بێ، بۆ نموونە ئەو بزووتنەوەیە خاوەنی ساختارێکی دیاریکراوی فکری و تەعەهود و ئێنتمایەکی گرووپی نییە، لە نەبوونی ئەو دوو تایبەتمەندییەدا ناتوانین هەبوونی بزووتنەوەیەکی ژنانە ئینکار بکەین، بەو بەڵگەیە کە کۆمەڵێک ژنی ناڕازی چ لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و چ لە هەناوی کۆمەڵی کوردیدا کە دژایەتیی دۆخی هەنووکەیی دەکەن بوونیان هەیە و رابردوویەکیشیان لە هەوڵ و بەربەرەکانیی لەو رێگەیەدا تۆمار کردووە. کەواتە بزووتنەوەیەکی فۆرم نەگرتووی پێنەگەییشتووی ژنان لە کوردستان دا هەیە، لە تونێی پرۆسەیەک دا خەریکی دروست بوون و گەشە کردنە و خاوەنی تیۆریسیەن و بنەمایەکی فکری دیاریکراو نییە.



ویلیەم ئۆنیل کاتێک نووسی: فێمینیسم پێش ئەوەی چاوەڕێی دەرکەوتنی لینینێک بێ دەبێ مارکسێکی خۆی هەبێ، ئاگای لە هەژاری تیۆری فیمینیزم هەبوو، ئەو واتایە لە هەموو کاتێک زیاتر لە پێوەندی لەگەل فێمینیزم لە کوردستان دا کالای پر بە بالایە.

کەسێک کە بتوانێ بنیادە تیۆری و فکرییەکانی فێمینیزم دابرێژێ غایب بووە، یان هەوڵ بدا پێناسێکی خۆماڵیانە لە خەباتی ژنان بە دەستەوە بدا. سیمۆن دێبۆڤوارێک هەبێ بڵێ ژن لە پرۆسەیەکی مێژوویی دا بووە بە ژن، بنووسێ کە ژن ئیرادەیەکی سەربەخۆی نەبووە و هەرچی کردوویەتیی بە جۆرێکی دیکە خزمەت کردنەوە بە پیاوسالاری بووە، ئاخۆ ئەو پرۆسە مێژووییەی کە ژنی کردووە بە ژن لە کوردستان چۆن بووەو لە چ بەستێنێکی کلتووری و کۆمەلایەتی و ئابوریدا ئەو پرۆسێسە گەیشتۆتە ئەوپەری خۆی؟

کەواتە هەژاری تیۆریکی لە بزووتنەوەی ژنان دا یا لە فێمێنیزم دا دەبێ خەمی گەورەی ژنانی کورد بێ، هەر لێکۆلینەوەیەک لەوبارەوە بکرێ، بێ ئەوەی بتوانێ بنیادە مێژووییەکانی دیاردەی ژن بوون لە کۆمەڵگەی کوردی دا ئاشکرا بکا کەم و کورییەکی هەرە گەورەی ئەوە دەبێ کە چەند ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە بە ونی دەمێنێتەوە.

کاتێک باس لە ژنی کورد دەکرێ، هیچ وێنەیەکی گشتگیر و ئەبستراکت لە ژنی کوردی بە دەستەوە نییە، یا لە بنەڕەتەوە بە هۆی پێگەی ئابووری و کۆمەلایەتیی جۆراوجۆری ژنانی کورد ناتوانین پێناسێکی هاوبەشمان لە ژنی کورد هەبێ، بە تایبەت ئەگەر ئەو پێناسە لەگەڵ لێکدانەوەیەکی فێمێنیستی دا تەفسیر بکرێ، ئایا خانمێکی شارنشین کە پلەیەکی خوێندەواری بەرزی هەیە و لە رووی ئابوورییەوە جۆرێک لە سەربەخۆیی هەیە لەگەڵ ژنە کوردێکی دێهات نشین کە دەرفەتی خوێندەوار بوونی نەبووە و لە رووی ئابووریشەوە تەواو پەیوەستە بە شێوازی وەبەرهێنانی سەرەتایی کە پیاو لە لوتکەکەی دایە، دەخرێنە تای یەک تەرازوو؟ کەواتە ئەگەر بۆ ژنی ئەو دێهاتە دوورەدەستە ئەوە گونجاوە کە بە گەڕانەوە بۆ شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم، هەوڵی خوێندەوار بوونی بدرێ و کەشێکی شیاوی کار کردن و مافی مندال بوون و منداڵداری..... بۆ دەستەبەر بکرێ، کە دێتە سەر باسی ژنە خوێندەوار و کارمەندە شارنشینەکە چیدیکە داخوازییەکانی شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم وەلامدەر نین. ئەوە بەو واتایە نییە کە خەمێکی هاوبەش بە ناوی خەمی ژنی کورد بوونی نییە.

بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ژنان

بزووتنەوەی سیاسی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا لە سەر دەستی دوو نەوە گەشە دەکا، نەوەیەکی نەریتی و ئایینی، خاوەن نفووزێکی کۆمەلایەتیی یەکجار زۆر، کە شێخەکان و کەسایەتیە ئاینییەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان لە خۆ دەگرن، نەوەیەکی رۆشنبیری وردە بۆرژوا کە لە ئەستەمبوول و شارە گەورەکانی کوردستان و چەند ولاتێکی ناوچەکە نیشتەجێن و لە ژێر کاریگەری رۆژئاوادان، بێگومان ئەو دابەش کردنە رێژەییە و لە نێو هەڵبژاردەی رۆشنبیر و خوێندەواریش دا، کەسانێک بەدی دەکران کە سەر بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بوون، یان لە نێو نەوە نەریتییەکەش دا روخساری پێشکەوتووخواز و مۆدێرن هەبوون. پاشماوە و کاریگەرییەکانی ئەو دابەش بوونە تا ئێستاش لە بزووتنەوەی سیاسی کوردی دا دەبینرێن.

ئەو جیاوازییە لە سەر کارکردی بزووتنەوەی سیاسی دا جێ پەنجە دادەنێ و هەڵوێستەکانیان لە ئاست زۆر کێشەی چارەنوس ساز دا لێک دادەبڕێ، بۆ نموونە نەوەی نوێخواز لە ژێر کاریگەری رۆژئاوا و شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دا هەر زوو رێکخراوێک بۆ ژنان دادەمەزرێنن، نەوەکەی دیکەش کە نەوەی ئاینی و نەریتی کۆمەلایەتیی کوردییە تا سەردەمی کۆماری کوردستان کە لەوێدا تایبەتمەندییەکانی هەر دوو نەوە لە نێو کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد دا یەک دەگرنەوە و نموونەیەکی دیکە لە شێوازی خەبات و ناسیۆنالیزم بەدەستەوە دەدا، ناپرژێتە سەر دۆزی ژنان.

لە ساڵی 1919 کۆمەلەی پێشخستنی ژنی کورد لە لایەن ژنەکانی کۆمەڵێک روناکبیر و کەسایەتیی سیاسی کورد لە ئەستەمبول دامەزرا و وەک لقێک لە کۆمەلەی پێشخستنی کوردستان کاری دەکرد، ئەوان گۆڤاری « ژن»یان بلاو کردەوە کە وەک زۆر هەنگاوی سەرەتایی دیکەی ژنان لە رۆژهەلاتی نێوەراست دا گرینگی بە بردنە سەری ئاستی خوێندەواری ژنان و بەهێزتر کردنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵ و بنەماڵەدا دەدا.

ناسیۆنالیزم لەو کۆمەڵگانەدا کە پێشتر پێکهاتەیەکی نەریتی و خێلەکییان هەبووە، دەکەوێتە نێو پێوەندیەکی ئالۆز لەگەڵ نۆرم و ستراکتۆرە نەریتییە بەهێزەکان لە لایەک و نێوەرۆکی

سەرچاوە
Serchawe

مۆدێرنی خۆی لە لایەکی دیکەوە. ستراکتۆرە نەریتییەکان ئەگەر زەرفیەتیی جێکردنەوەی ئەو گوتارە مۆدێرنانەیان لە نێوخۆیان دا هەیە، توانای کۆنترۆڵ کردن و هاوڕەنگ کردنی ئەو گوتارانەشیان هەیە، بە جۆرێک کە پێکهاتە و نۆرمە نەریتییەکان جارێکی دیکە لە نێو گوتارە مۆدێرنەکان دا خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

شارەگی مانەوە و بەردەوامبوون لە خێڵێک دا گواستنەوەی خوێنە لە باوانەوە بۆ نەوەکان و هاوکات پاراستنی ئەو نۆرمەیە، ئەوە خەسڵەتێکی بەرچاوی کۆمەڵێکی باوکسالاریشە، پرۆسەی ناسیونالیزمیش لە کوردستان دا لە سەردەمێک دا سەرەتاکانی دەردەکەوێ، کە سیستمی خێڵەکی ـ باوکسالاری هەرچەند داهاتوویەکی گەشی نیەو رۆژگاری زێرینی خۆی تێپەر کردووە، بەڵام هەروا سیستمی کۆمەڵایەتی باڵادەستە، بۆیە گوتاری سیاسی کوردی ئەو پەیوەندی خوێنە لە نۆرمێکی کۆمەڵایەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ مەیدانێکی بەرفراوانتری سیاسی و روخسارێکی مۆدێرنی پێ دەبەخشێ.

لە خێڵ دا شەرەف و ئابرووی خێڵ وەک ئەمانەت لای ژن دانراوە، دۆڕاندنی ئەو ئەمانەتە زەربە دانە لە بەهێزترین نۆرمی خێل کە پیاوەتییە، ئەو چەمکە لە خێڵەوە دەگوازرێتەوە نێو ناسیۆنالیزم و ئەو لەگەڵ داتاکانی مۆدێرنە دا ئاوێتە دەکرێ، نیشتمان و کوردستان دەبن بە مێ و پیاوانی وڵات دەبێ وەک کوڕە بەوەفاکانی خێڵ بەرگری لێبکەن، لە کۆماری کوردستان دا و لە شانۆی دایکی نیشتمان دا ئەو گرێ دەروونییە بە تەواوی زاڵە. بەخشینی بەهایەکی کۆمەڵایەتیی شەرەفمەندانە بە ژن هاوشانە لەگەڵ بەخشینی بەهایەکی شەرەفمەندانە بە خاک.

ئەو دیدە بیۆلۆژیکییە کە جەستەی ژن و خاکی نیشتمان لە یەک گرێ دەدا، لە لایەکەوە درێژ کردنەوەی نەفەسی خێڵ و کلتووری خێڵە، لە لایەکی دیکەشەوە بە میحوەر کردنەوەی رۆڵی پیاو و لە پەراوێز خستنی ژنانە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردیی دا. خاک وجەستەی ژن دەبێ کۆنترۆڵ بکرێن، یەکەم هەنگاوی کۆنترۆڵ کردنی ئیرادەو فکری مرۆڤیش کۆنترۆڵ کردنی جەستەیەتیی. لە حاڵێک دا نەتەوە دروست بووی دۆخێکی سیاسی و کلتووری جیاوازە، ئەو بە جەستە کردنەی نەتەوە و نیشتمان خزمەت بەو دیدە ئیدیالیست و میتافیزیکییە دەکا کە لە ژێر پەردەی ئەوەدا هەزاران تاوان دەتوانرێ ئەنجام بدرێ. پاراستنی جەستەی ژن لە بەرانبەر نەیاراندا هاومانا دەکرێ لەگەڵ پاراستنی سنوورەکانی نیشتمانی ناسیۆنالیستی. بۆیەش جەستەی ژن وەک سنوورەکانی وڵات، دەبێ چاوەدێری لێ بکرێ و بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بێ. گورزێک کە ئەو تێڕوانینە لە ناسیۆنالیزمی داوە،شێواندنی ئینتیمای تاکەکانە بۆ خاک و نیشتمان، ئەو ئینتیمایە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نۆرمی نەریتی دادەمەزرێ کە لە پارادۆکسێکی گەورەدان لەگەڵ خودی ناسیۆنالیزم. ئەو ئینتمایەی کە بە شەرەف و پیاوەتیی و دیدێکی بیۆلۆژیک بۆ نیشتمان رەنگامێز دەکرێ، رۆلی ژنان لە ناسیۆنالیزم دا کەمڕەنگ دەکاتەوە بۆ بوونەوەرێک کە کارگەی بەرهەمهێنانی رۆلەی دڵسۆز و وەفادارە. تەنانەت ئەگەر لە جەوهەردا ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم ناکۆک نەبن، بەلام ئەو خوێندنەوەیە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی دا شوێنگەیەک بۆ نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ ناهێڵێتەوە، خەسارناسی پەراوێز کردنی ئەو پوتانسیەلە بالقوە یە سوژەیەکی گرینگی توێژینەوەیە.

بە دیدێکی سیمۆن دی بۆڤوارانە ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا پێناسێکی بووناسانەی سەربەخۆی لە وجودی خۆی نییە، زیاتر وەک مۆدێلێک، وەک ئامرازێک هێندێک جار وەک دیکۆرێک یان وەک کلێشییەکی سیاسی کەلکی لێوەرگیراوە.




هەبوونی روانگەیەکی عەقلانی بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم پێشمەرجێکی گرینگە کە فێمێنیزم لە کوردستان دا بتوانێ تەعریفێکی نوێ لە خۆی و ناسیۆنالیزمیش بەدەستەوە بدا، ئەو روانگە عەقلانییە واتە گەڕاندنەوەی نەتەوە بۆ نێو کات و شوێن و ناساندنی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی دا دروست بووە و ناسیۆنالیزمیش دیسکۆرسێکە بۆ گەیاندنی نەتەوە بە دەوڵەت. خاڵی کردنەوەی ئەو چەمکە لەو تابۆ و پیرۆزییانە کە خزمەت بە بازارگەرمی هێندێک گروپی دیاریکراو دەکەن لە بەهێزکردنی روخساری فێمینیستی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی کورد و بەرجەستەکردن و زەقترکردنەوەی دەوری ژنان لەم جووڵانەوەیەدا رۆلی کاریگەر دەبینێ.

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و تەنانەت گوتاری چەپیش بەو پێیە کە خۆیان لەبەرامبەر ئەویتر دا پێناس دەکەنەوە و بنیاد دەنێن، لە ژێر هێژموونی روانگەیەکی ئینقلابی دان، ئەو دیدە ئینقلابییە لەگەڵ چارەسەرکردنێکی کلێشەیی لە کورترین ماوەدایە، سیستمێکی سیاسی بڕوا و یەکێکی دیکە بێ، ئەوە لە پێوەندی لەگەل فێمێنیزم دا مسداقیەتی خۆی لە دەست دەدا. فێمێنیزم تەنها بزووتنەوەیەکی ئینقلابی نییە، بزووتنەوەی ژنانی کورد کەم و زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلەدایەو ئەو دۆخە ناتوانێ ریشە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی کێشەی ژنان بناسێ، سەرەنجام دوای نەمانی هەر سیستمێک دەبێ خەونە فێمێنستییەکان بۆ داهاتوویەکی دیکە دوابخرێن. لە روانگەی ناسیۆنالیستەکانەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی و لە روانگەی چەپەکانیشەوە بۆ سەردەمی دوای نەمانی جیاوازی چینایەتیی. ئەو زەمانەش کە ئەو دۆخە دروستی دەکا، زەمانێکی هەراش و توندوتیژی پیاوسالارانەیە، زەمان دەکرێتە پاتتاییەکی دیکەی بەرهەمهێنانەوەی کلتووری خێڵ لە فەرهەنگی ناسیۆنالیزم دا.

بە گەڕانەوە بۆ رابردووی خەباتی چەکداری و تێڕوانینی پیاو لەسەر جەستەی ژن رۆلی ژنان لە خەباتی چەکداری دا دەتوانین لە پێگەی ژن لەو خەباتەدا رابمێنین، لە شەری چەکداری دا رۆلی ژنان رۆلێکی لاوەکییە، ئەو رۆڵە لە رووی لۆجستیکییەوە گرینگە، بەلام ژن لە سەنتەری رووداوەکان دێنێتە دەرێ و لەوێشەوە رۆلی ئەو لە بزووتنەوەی سیاسی دا کەمڕەنگ دەکاتەوە. لە بەرامبەردا تا بزووتنەوەی سیاسی کوردی مەدەنیتر بێ رۆڵی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا زیاتر دەبێ، خەباتی مەدەنی کوردەکانی باکووری کوردستان و چالاکوانانی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان دا لەو پێوەندییەدا بەڵگەیەکی روونن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی رۆژهەلات دا رەوتێکی بەرەوژووری پێواوە، ئەگەر لە سەدەی بیست دا راپەرینی سمایل ئاغای شکاک و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و راپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا بکەینە سێ وێستگە بۆ تێڕامان، دەتوانین ئەو بانگەشەیە بسەلمێنین. هەر یەک لەو سەردەمانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسلەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە وێڕای مەودای زەمانیان لە یەکدی، بە هێندێک تایبەتمەندی دیکەش دەناسرێنەوە، سەرنج دان لەو تایبەتمەندییانە و چۆنیەتیی و چەندیەتیی بەشداری ژنان لەو سێ وێستگە مێژووییەدا، وێڕای وڵام دانەوەی چەند پرسیارێک، رەوتی بەرەوپێش چوون و گەشەکردن و بووژانەوەی هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی وەک ژنان ئاشکرا دەکا.

*د ئەو وتارە پوختەی سیمینارێکە کە لە کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان، رێکەوتی ٢٢ی ئاپریلی ٢٠١١ لە سلێمانی پێشکەش کراوە.

سەرچاوە : کوردستان و کورد / ٧ی جولای ٢٠١١

سەرچاوە Serchawe

# سنه - کورسان

**سنه** یەکێک لە شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی پارێزگای کوردستانی ئێران و هەروەها ناوەندی شارستانی سنەیە. سنە، لە باری ژمارەی دانیشتوانەوە، دوای کرماشان و ورمێ سێهەمین شاری گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٦ ، ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە نزیکەی ٣١١ ٠٠٠ کەسە و نزیکەی ١٥٠٠ میتر لە ئاستی دەریا بەرزترە.




خەڵکی شارەکە بە زاراوەی ئەردەڵانی (هێندێ پێی دەڵێن سنەیی) قسە دەکەن، کە لقێکە لە سۆرانی (بە هەورامیش نزیکە)، هەروەها زۆرجار خەڵکی سنە و ئەو ناوچە بە سنە دەڵێن: کوردسان یان کورسان واتە کوردستان. هۆکاری ئەوەیە کە سنە هەر لە سەرەتای دامەزران تا ئەو ڕۆژەی کە قاجارەکان بە تەواوی خستیانە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیان، پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان بووە و ئەردەڵانەکان بە حکومەتەکەی خۆیان دەیانگوت حکومەتی کوردستان.

## مێژوو

بەر لە ساڵی ١٠٤٦ک.م، سنە گوندێکی بچووک بووە کە تایفەیەک بە ناوی کەوش زێڕینە لەوێ نیشتەجێ بووون. سولەیمان خانی ئەردەڵان لە ساڵی ١٠٤٦ی کۆچی مانگی، بوو بە والیی کوردستان. بە فەرمانی پادشای سەفەوی (شاسەفی، شەشەمین پاشای سەفەوی)، قەڵاکانی زەڵم، حەسەن ئاوا و پاڵەنگانی وێران کرد و لە گوندێک بە ناوی سنە بارگەو و بنەی دامەزراند و کردیە پایتەختی کوردستان . ئەو سەرەتا، قەڵایەکی حکوومەتیی لە سەر تەپۆڵکەیەک بە بەرزی بیست میتر درووست کرد و لە دەرەوەی قەڵاکە دا، بازاڕ و مزگەوت و ماڵی کردەوە (جێگەی ئەو قەڵایە، ئەمڕۆکە دەکەوێتە ناوەندی شار، ئەو شوێنەی کە خەڵکی سنە پێی دەڵێن: بان باشگا. هۆکەی ئەوەیە کە ئەو شوێنە لە زەمانی دەسەڵاتی پەهلەوی دا باشگای ئەفسەران بووە و ئێستاش بنکەی ناوەندیی بەسیجە). سولەیمان خان ناوی ئەو قەڵا نوێیەی نا «سنەدژ» (دژ یانێ قەڵا) کە عەرەبیکراوەکەی دەبێتە سنندج.

لە شەڕی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، میرنشینی ئەردەڵان تاوێک هاوپەیمانی سەفەوییە بوو و تاوێک هاوکاری عوسمانی دەکرد. لە ١٧٣٣ کەریم خانی زەند سنەی داگیر کرد.



دوای ماوەیە ئابلۆقە خەسرەوخان دەسەڵاتی ئەو بەشەی کوردستانی گرتە دەست. لە ١٧٩٩ تاکوو ١٨٢٤ ئەمانوڵاخان کوڕی خەسرەوخانی ئەردەڵان حوکمڕانی دەکرد لە سنەدا. ئەو هەوڵێکی زۆردا بۆ درووستکردنەوە و بەرەو پێشبردنی کاروباری شارەکە.

## ناوی سنە

بیر و ڕاکان سەبارەت بەوەی ناوی سنە لە کوێوە هاتووە جیاوازن:

پێش دروستبوونی سنە وەک شارێکی بە مانا تەواو، هەر لەو شوێنەدا گوندێک بووە بە ناوی «سینە» یان «سنە» ناوی سنە لەوێوە هاتووە.

وشەی سنە ناوێکی گەورە و پیرۆزە و لە زمانی ئەوەستایی کۆندا سنە بە مانای سەقرە (سەقر باڵندەیەکی نەچیرڤان، کە جەستەی وەک هەڵۆ بەڵام زۆر چکۆلەترە)

کاتێ سولەیمان خان ئەردەڵان هەوڵی درووستکردنی شاری سنەی دا، لە نزیکی ئەو شوێنەدا گوندێک هەبوو بە ناوی «سینە» کە دواتر شارەکە هەر بەو ناو و سنە ناونرا.

## سنە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا

### کەش و هەوا



کەش و هەوای سنە لە هاوین و بەهار دا دڵخواز و خۆشە. مامناونجی دەما لە بەهار دا ٢٠ ، ١٥ لە هاوین دا ٢٥،٢٠ لە پاییز دا ١٠،٤٠ و لە زستان دا ٦٠ ،١ پلەی سێلیسیوسە. لە لێکۆڵینەوەیەکی ٣٠ ساڵە کە لە سەر کەش و هوای سنە ئەنجام دراوە، زۆرینەی دەمای موتڵەق ٤٤ پلەی سێلیسیوس، کەمینەی دەمای موتڵەق ٣١- پلەی سێلیسیوس، و هەروەها مامناونجی دەمای ساڵانە ١٣.١٠ پلەی سێلیسیوس بووە. مامناونجی تەڕایی نیسبی لە ٠٦:٣٠ کاتژمێر دا ٦٩% و لە ١٢:٣٠ کاتژمێر دا ٣٨% بووە. مامناونجی بارانبارینی ساڵانە ٤٩٧.٣ میلیمیتر و زۆرینەی ڕۆژانە ٦٦ میلیمیتر بووە. مامناونجی ژمارەی ڕۆژگەلی سەهۆڵبەندان ١١١.٤ ڕۆژ بووە و زۆرینەی کاتژمێرگەلی خۆرهەتاوی لە گشت ساڵ دا ٧٨٦.٢ ،٢ بووە.

### ئاویەر (ئابیدەر)

ناوی کێوێکی بەرزە لە ڕۆژئاوای شاری سنەدا کە بە هۆی کەش و هەوای باش و سەوزەڵانی ئەو شوێنە، بووەتە سەیرانگای خەڵکی سنە و دەور و پشتی. کاربەدەستانی شار ئەگەرچی زۆر کەم، بەڵام ئاسانکارییان کردە بۆ خەڵک تاکوو ڕۆژانی پشوودانێکی خۆشیان ببێت لەو شوێنەدا. ئاویەر ناوێکی ناسراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوێکی تایبەتە بۆ خەڵکی سنە. گەورەترین سینەمای کراوەی ئێران (تایبەتی هاوین) لەم شوێنەدایە.

## گەڕەکەکان

### گەڕەکە کۆنەکان

شاری سنە تا بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران ٢٩ گەڕەکی بووە. ئەمانە ناوەکانیانن:

| | | |
|---|---|---|
| دەرماڵ | جارِ نەسروڵلا خان | شێخان |
| ئاو قەلا | سپوور ئاوا | تازە ئاوا |
| قەتارچیان | تەپەی ئەولیابەگ | بان خەنەق (خەندەق) |
| سەرتەپۆڵە | حاجی ئاوا | کانی کورگ عەلی |
| ئاغەزەمان | شەریف ئاوا | ئاو کرماجەکان |
| چوارباخ | فەیز ئاوا | چقلی چەقان |
| پیرمحەمەو | کەڵەکە جار | دوراجییەکان |
| گلەخان | پردبەند (نیزام ئاوا) | ئاو دۆمەکان |
| کووچی رەزان | کوێر ئاوا | تەقتەقان |
| جەور ئاوا (خوار و ژوور) | تەپەی شێخ حەمە سادق | قەلاچوارلان |

گەڕەک و شارۆچکە نوێکان : ئەم گەڕەگەلە دوای ئینقلابی ساڵی ٥٧ کراونەتەوە یان پەرەدراون:

| | | |
|---|---|---|
| شارۆچکەی بەهاران<br>شارۆچکەی سەعدی<br>شارۆچکەی زاگرۆس<br>ویلاشار | موارەکاوا<br>تەکیە و چەمەن<br>شاڵمان | شارۆچکەی بێعسەت<br>عەباساوا<br>کانی کووزەڵە<br>غەفوور |

## کەسانی ناودار

### مۆسیقا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی | گۆرانیبێژ و مەقامزان | فەتانە وەلیدی | گۆرانیبێژ | عەلائەدین باباشەهابی | گۆرانیبێژ |
| خەلیفە میرزا ئاغەی غەوسی | دەفژەنی بەناو بانگ و گەورەی پێشووی تەکیەی قادرییەی کەسنەزانی | بنەماڵەی کامکار | بنەماڵەیەکی مووسیقار | سەعید فەرەج پووری | مۆسیقار و کەمانچەژەن |
| | | بنەماڵەی عەندەلیبی | بنەماڵەیەکی مووسیقار | بەراتعەلی نوورانی | (کا بەرات)، دەهولژەن |
| | | حسەین شەریفی | گۆرانیبێژ و مەقامزان | هۆشەنگ شگرف | گۆرانیبێژ |
| مەزهەر خالقی | گۆرانیبێژ و مەقامزان | شەهین تاڵەبانی | گۆرانیبێژ | شەهرام عەلیموحەمەدی | دیوانژەن |
| حەسەن یۆسف | زەمانی، مۆسیقار | عەبباس کەمەندی | گۆرانیبێژ و شاعیر | ئازاد ئازادپوور | گۆرانیبێژی رەپ |
| ناسر رەزازی | گۆرانیبێژ و پێشمەرگە | سدیق تەعریف | گۆرانیبێژ و مەقامزان (شارەزای مووسیقای ئێرانی) | سەعدوڵلا نەسیری | دیوانژەن |
| نەجمەدین غولامی | گۆرانیبێژ و پێشمەرگە | | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شانۆ | عەلائەددین سەجادی | نیگارکێشی | خەسرەو خان ئەردەڵان |
| قوتبوددین سادقی | شەریف | هادی زیائوددینی | ئەحمەد موقتی زادە |
| بێهرووز غەریب پوور | موحیەدین حەقشناس | ئەکبەر مەنسووری | زانستگاکانی سنە |
| سینەما | بابا مەردۆخ رۆحانی | بێهزاد تارا | زانستگای کوردستان |
| بەهمەن قوبادی | موحەممەد ماجد مەردۆخ رۆحانی | فەردین سادق ئەیووبی | زانستگای زانستە پزشکییەکانی کوردستان |
| شەهرام عەلیدی | ئایەتوڵلا مەردۆخ | سیاسەت | زانستگای ئازادی ئیسلامی (لقی سنە) |
| وێژە | ئەهوەن (موحەممەد ئینسافجوویی) | هەڵۆ خان | زانستگای پەیامی نوور (ناوەندی سنە) |
| مەستوورەی ئەردەڵان | سیمین چایچی | خان ئەحمەد خان | |

سەرچاوە : لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

# مێژووی مۆسیقای کوردی

کورد وەک ڕەچەڵەک و بنەچە،دەچێتەوە سەر ماد که ٧٠٠ ساڵ پێش لە دایک بوونی مەسیح دەسەڵاتێکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە داوێنی چیای زاگرۆس دا هەبووە. دوای ١٥٠ساڵ حوکمڕانی، کووروشی هەخامەنشی وەک نوێنەری فارس، دەسەڵاتی لە ماد زەوت کردووە و لەو کاتەوە تا ئێستا فارس وەک نەتەوەی فەرمانڕەوا حاکمە.



دژایەتی فارسی دەسەڵاتدار لە گەڵ ماد (باوکە گەورەی کورد) دا بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە چووە کە ڕێگای گەڕانەوەی بە ماد نەداوە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات و تێکۆشاوە تەواوی ئاسەواری ئەو ١٥٠ ساڵەی حوکمداری ماد بشێوێنێ و بیخاتە سەر خەرمانی دەسەڵاتی خۆی. ئەم شێواندن و داگیرکردنە گرفتێکی وای بۆ پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی بواری مێژوو و دێرینە ناسی خوڵقاندووە کە زۆر بە زەحمەت بتوانن گرێ کوێرەی نێوان ١٥٠ ساڵ دەسەڵاتداری ماد و دواتر بدۆزنەوە و پێکەوەی گرێ بدەن. لە درێژەی ئەو سیاسەتەی فارسی فەرمانڕەوادا نەتەوەکانی تری غەیرە فارسی دانیشتووی ئێران، خراونەتە پەراوێزەوە و نەتەوەی باڵا دەست کە فارسە، هەموو سامانە گشتی یەکانی گەلانی ئێرانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. یەکێک لەو سامانە نەتەوەیی یانە، مۆسیقایە. دواتر لە درێژەی وتارەکەدا لە سەر ئەم تەوەرەیە پتر دەدوێین.

مێژووی تەمەنی هونەری گۆرانی لە هونەری مۆسیقا کۆن ترە. ئەگەر بمانەوێ تەمەنی گۆرانی کوردی دەست نیشان بکەین، دەبێ لەو کاتەوە دەست پێ بکەین کە کورد بوونی هەیە.

حەمەی حەمەباقی لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردیدا دەڵێ: دەست نیشان کردنی ساڵێکی دیاری کراو یان سەردەمێکی دیاری کراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایک بوونی گۆرانی کوردی کارێکی ئێجگار دژوارە .

سەرەتای نەش و نما کردن و سەر هەڵدانی گۆرانی کوردی دەگەڕێتەوە سەردەمی زەردەشت و سروودەکانی ئەو ئایینە پیرۆزە. دەکرێ سروودی گاتا (گاسا) و (یەشت)ە کان کە لە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستادا هاتووە، بە سەرەتای گۆرانی کوردی ئەو سەردەمە دەست نیشان بکەین. ئەو سروودانە کە جۆرە گۆرانی یەکی ئەو چاخە بوون، لە بەر ئەوەی لە باری ئایینی یەوە دەرەتانیان پێ درابوو،زۆر زوو توانیویانە گەشە بکەن و پێش کەون.وەک قتوای ئایینی لە لایەن موغەکان واتە ڕێبەرە ئایینی یەکانی زەردەشتەوە، بە پەیڕەوانی ئەو ئایینە ڕاگەیەندراوە کە هەر کەسێ سروودەکانی ئاڤێستا بە ئاوازەوە بخوێنێ، کاریگەرتر و باشتر ئامانجەکانی دەپێکێ.

وشەی گاتا، گاسا، گاسە یان گازە بە مانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا لێک دراوەتەوە. واتە سکاڵا و ڕاز و نیاز بە ئاواز و مۆسیقاوە لە گەڵ خودا. سروود لە پلەی هونەری دا لە گۆرانی بەرزترە و بۆ بۆنەکانی نیشتمانی و ئایینی بە کار دەبرێ. سروود دەکرێ زۆر جار پلەی حەقیقی (پیرۆز)ی پێ بدرێ و گۆرانی مەجازی (دڵداری و...). سروود لە ئاتەشکەدەکانی زەردەشتی و کەلام (یارسان) لە جەمخانەکانی ئایینی یاری ( ئەهلی حەق ) و ئیزەدی دا لە گەڵ تەمووره ( تەنبوور، تەمویره یان تەمیر) کە یەکێکە لە ئامێره هەره پیرۆزەکانی کورد، پێشکەش کراوە و دەکرێ.

سەدیقی بۆرەکەیی لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردی دا دەڵێ: مۆسیقا سەرەتا بە هۆی شمشاڵی شوانەوە هاتۆتە نێو کورد و پاشان پەرەی پێ دراوە.



بە گشتی ئەوسێ ئایینە (زەردەشت ، یارسان و ئیزەدی) کە لە کوردستان دا سەری یان هەڵداوە ، بوون بە هۆی پێشکەوتنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی. چوونکە هەر سێکیان هانی خەڵکیان داوە ڕاز و نیازەکانیان لە گەڵ پیر و خاوەنکاری خۆیان دا بە ئاوازەوە بخوێنن (بۆ زانیاری: ناوەندی ئایینی زەردەشتی لە ورمێ ، یارسان لە هەورامان و داڵەهۆ و لوڕستان، ئیزەدی لە موسڵ و سەنجار و دیاربەکر هەڵکەوتووە کە هەموویان لە کوردستانن). کەچی ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی زەردەشت و یارسان و یەزیدی، هەموو کات دژی هونەر و موزیک بووە و لە باتی گۆرانی و مۆسیقا دەبێژێ: **بگرین تا دەروون تان لە گوناح پاک بێتەوە.** واتە ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئایینی زەردەشت و یاری و یەزیدی لە باتی شادی، خەم و شین و شەپۆڕ بۆ چارەی دەردەکان پێشنیار دەکا. لە ئایینی زەردەشتدا وتراوە : ئەگەر دووعا و سکاڵاکان تان بە ئاوازەوە لە گەڵ تەموورەدا بخوێنن ، زووتر دەگاتە جێی خۆی.

لە ئایینی یاریش دا بە دەیان وتەی ڕێبەر و پیرەکانیان مان لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەو ئایینەدا بەرچاو دەکەوێ کە هانی خەڵک دەدەن ئەو ئەرکە بە ئاوازەوە هاوڕێ لە گەڵ تەموورەدا بخوێنن. ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی دەروێش زوڵفەقاری گۆران وێنەیەکی ئەو ڕاستی یە کە دەفەرموێ:

خاوەندکارم تەنبوورش ئاوەرد پەری یارانش هەر سەوگەندش وەرد واتش هەر کەسێ تەنبوور نەژەنۆ مەبۆ جە دینش دڵش بکەنۆ دەسا ئەی یاران ، ئەر شاد، زگارن تەنبوور بژەنن ئەگەر وەکارن

واتە: خاوەنکار تەموورەکەی هێنا و سوێندی بۆ یارانی خوارد کە هەر کەسێ تەنبوور نەژەنێ دەبێ دەست لەو دینە هەڵبگرێ، بۆیە یاران! ئەگەر شادن و ئەگەر خەمبارن، تا توانا و هونەرتان تێ دایە تەموورە بژەنن.

ئایینی ئیزەدیش وەک لە کتێبی پیرۆزی مەسحەفاڕەش دا هاتووە، ڕێ و ڕەسمی جەژنەکانیان بە دەنگی قەواڵ چەلەبی لە گەڵ تەموورە و شادی کردن بە ڕێوە دەبەن.

قەواڵ گۆرانیبێژی ئیزەدییەکانە و ئەوپەڕی ڕێزی لێ دەگیرێ.

سەرچاوە
Serchawe

دەبێ کۆڕەی زیکری دەروێشانی تەریقەتەکانی قادری، بەرزنجی و نەقشبەندی لە تەکیە و خانەقاکان لە جەوهەری ئاییینی ئیسلام جوێ بکەینەوە، لە گەڵ ئەوەی ناوەرۆکی هەڵبەستەکان پێ هەڵاگوتنە بە شێخ و پیرەکانی ئەو تەریقەتانەدا بەڵام شێوەی بەیان کردنی وەرگرتەیەکە لە ئاییینەکانی زەردەشتی و یاری و یەزیدی. ئامێرە ڕەسەنەکانی مۆسیقای کوردی تەمبوور، دەف، شمشاڵ، بلوێر، دەهۆڵ و زوڕنا، ساز و زۆری دیکەن.

وەک دەزانین بە لە دەست دانی دەسەڵاتی مادەکان و هاتنە سەر حوکمی فارسەکان بە سەرۆکایەتی کوروشی هەخامەنشی ، هونەرەکەشمان وەک چارەنووسی نەتەوەکەمان کرا بە بەشێک لە سامانی نەتەوەی فارس. بە چەشنێک هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی وەک هونەری نەتەوەیەکی جیا لە فارس چاو لێ نەکراوە و ناوی **مۆسیقای مەحەللی** واتە لۆکاڵ و ناوچەیی لە سەر دانراوە.

تا سەد ساڵ لەمەوبەرکە بنەماڵەی فەراهانی واتە کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخان کە بریتی بوون لە میرزا عەبدوڵڵا و میرزا حوسەین قولی، سەر لە بەری دەزگاکانی مۆسیقای گەلانی ئێران یان گرد و کۆ کردەوە و بە ناوی دەزگاکانی مۆسیقای ئێران ناودێریان کرد، پێشتر ئەو دەزگایانە بە ناوی هەموو ئەو نەتەوانەوە دەناسراکە لە چوارچێوەی ئێران دا دەژیان. بە واتایەکی دیکە مۆسیقای کوردی لە گەڵ مۆسیقای ئێرانی کۆن دا هاوبەشە و بە بێ ناو هێنانی کورد ئەو مۆسیقایە هەم ناتەواوە و هەم تاڵان کراو. لە کاتێک دا ڕەزاخان بە بیانووی یەکدەست (متحدالشکل) کردنی جل و بەرگەوە، تەواوی نەتەوەکانی غەیرە فارسی پێچا بووە هەتیتە و بە سەردەمی دەواردراِن لە مێژوودا بەناوبانگە، برایانی فەراهانی پێش ئەوەی دەزگاکانی مۆسیقای ئێران بەو شێوەیەی ئێستا هەیە ناودێر بکەن، بە هەموو دەسەڵاتێکی میری یەوە بە ئێران دا سووراِن و سەرجەمی ئەو دەزگایانەیان کۆ کردەوە. میرزا عەبدوڵڵا بۆ خۆی پێنج مانگ لە کوردستان مایەوە و چی گەنجینەی مووزیکی کوردی هەبوو، کۆی کردەوە و پاشان ناوچەکانی دیکەی وڵات گەڕاِن و لە دوایی دا ناوی دەزگاکانی مۆسیقای ئێران یان لە سەر دانا.

ئەو حەوت دەزگایە بریتین لە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماهوور (دەزگا) | هومایۆن (دەزگا) | سێگا (دەزگا) | چوارگا (دەزگا) | شوور (دەزگا) | نەوا (دەزگا) | ڕاست پێنج گا (دەزگا) |

هەر وەها ٧ نیمچە دەزگاش (ئاواز) وەک پاشکۆی ئەو حەوت دەزگایە هەیە کە بریتین لە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوو عەتا (ئاواز) | شووشتەری (ئاواز) | ئەفشاری (ئاواز) | بەیاتی زەند (ئاواز) | بەیاتی تورک (ئاواز) | دەشتی (ئاواز) | بەیاتی کورد (ئاواز) | ئیسفەهان (ئاواز) |



وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد، فارسەکان بێجگە لە مۆسیقای فارس، مۆسیقای نەتەوەکانی دیکە بە مووزیکی مەحەللی ناو دەبەن. ئەم ناودێر کردنەش لە باری نێونەتەوەیی یەوە ئەو مافە بە نەتەوەی فەرمانڕەوا ( فارس ) دەدا کە وەک بەشێکی بچووک و ناوچەیی چاو لە مووزیکی کوردی و گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران بکا و بە ژێر تەوشێی خۆیانی بزانێ. پێ بە پێی سیاسەتی شۆڤینیستی ئێران دژی کورد، لە تورکیادا هەوڵ دراوە سەرلەبەری ئاوازە کوردی یەکان کۆ بکرێتەوە و هەڵبەستی تورکی یان لە سەر دابنرێ. لە بەر ئەوەی هیچ هۆیەکی ڕەگەزی و کولتووریی کورد و تورک بە یەکەوە نابەستێتەوە، سەرەتا هاتووە گۆرانی هەموو ناوچەکوردنشینەکانی کۆ کردۆتەوە و پاشان بە هۆی کوردە دەنگبێژە تورکی خوێنەکانەوە کردوونی بە تورکی. نموونەی ئەو کوردە تورکی خوێنانە زۆرن کە دەکرێ ناوی جەلال گوزەل سەس، عزت ئاڵتمش، برایم تاتلیسەس ، بورهان چاچان، مەحموود تونجەر ، کوچوک ئەمرە ، بەشیر کایا و بەڵقیس ببەین. پاشان ناوی سەنعەت مووزیک و خەڵک مووزیکی لە سەر ئەو تاڵان کردنە داناوە.

لە کوردستانی بن دەستی عێراق و سووریادا، دەسەڵاتداران وێڕای هاودەنگی کردن لە گەڵ ئێران و تورکیا بۆ تواندنەوەی فەرهەنگ و کەلەپووری کورد، زۆرتر لە بواری میلۆدی و ڕیتم دا هەوڵیان داوە مۆسیقای کوردی بشێوێنن. بۆ وێنە ئەگەر گوێ لە مووزیکی ئەو گۆرانی یانە بگرین کە حەسەن زیرەکی نەمر لە بەغدا تۆماری کردوون و بەراوردی بکەین لە گەڵ کارەکانی ڕادیۆ کوردی کرماشان دا، پتر ئەو دەست تێوەردانەمان بۆ دەردەکەوێ. ئەوەی بەغدا تەواو عەرەبی یە و ئەوەی کرماشان کوردی یەکی پەتی. لە گەڵ هەموو ئەو تاڵان و بڕۆیە کە بە سەر مووزیکی کوردی دا هاتووە ، هەندێ شێوازی گۆرانی کوردی مان هەیە کە نە نەتەوەکانی دەراوسێ هەیانە و نە داگیرکەران توانیویانە بیکەن بە موڵکی خۆیان. هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو جۆرە ئاوازانە تەنیا بە کورد دەوترێ و بەس. ئەویش ئەم ئاوازانەیە:

هۆرە

سیاوچەمانە

لاوک یان لاوژە

حەیران

بەیت

چەمەری

سۆزی گەرمیان

سەرچاوە : لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

سەرچاوە Serchawe



# مندالان





## بێچووە چۆلەکەیەک

نووسینی / حاتەم باتاسی

جارێکیان بێچووە چۆلەکەیەک کە لەناو هێلانەکەی خۆی لەسەر بەرزایی دارێکی حەوشەی ماڵێک بوو، ماوەیەک بوو کە تەماشای دایکو باوکی خۆی دەکرد بەو شێوازە دەفڕن بۆیە پڕ بە دڵ ئارەزووی دەکرد تا لاسایی ئەوان بکاتەوەو ئەویش بفڕێت. بۆیە ڕۆژێک لەدوای ئەوەی دایکو باوکیان لەنێو هێلانەکە لە شەقەی باڵیان داو ڕۆیشتن تا بەدوای بژێوی ژیانی ڕۆژانە بگەڕێنو بسووڕێن، بێچووە چۆلەکەکەش لەدوای ئەمە ویستی وەکو ئەوان لە شەقەی باڵەکانی بداتو بفڕێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا باڵەکانی بۆ فڕین بچووکو بێ هێزبوون بۆیە لەنێو هێلانەکە یەکسەر دەکەوێتە خوارەوە، لەگەڵ کەوتنە خوارەوە زۆر ئازاری پێ ئەگات. هەر لەوکاتە دابوو منداڵێکی ئەو ماڵە کە بێچووە چۆلەکەکەی بەو شێوازە بینی زۆر بەداخەوە لەجیاتی پێیەوە نیگەران بێت زۆر بەو دیمەنە خۆشحاڵ بوو، بۆیە بەدوای چۆلەکەکە ڕائەکات وازی لێ ناهێنێت تاوەکو دەستگیری ئەکات، بێچووە چۆلەکەکەش ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو. زۆری پێ نەچوو دایکو باوکی بێچووەکە گەڕانەوە نێو هێلانەکەی خۆیان، بەڵام کە سەیریان کرد بێچووەکەیان لەشوێنی خۆی نەماوە، زۆر خەفەتباربوون کە تەماشایەکی دەورو بەری خۆیان کرد بینیان لەژێر دارەکە لە حەوشەی ئەو ماڵە بێچووە چۆلەکەکەیان لەنێو چنگی منداڵێک بەجریوە جریوو هەر هاوار ئەکات بۆ ئەوەی رزگار بکرێت.. منداڵەکەش گوایە یاری لەگەڵ بێچووە چۆلەکەکە ئەکات، بەڵام چ یاری کردنێک، خۆشی بۆ خۆیو ئازارو ئەشکەنجەدان بۆ ئەو بێچووە چۆلەکەیە، بە پەنجەکانی تووکی سەری بێچووەکەی گرتبوو هەموو لاشەی پێدا شۆڕ کردبۆوە، زۆر بەداخەوە ئەو بێچووە چۆلەکە لاوازو هەژارە لە هەژمەتا نەیدەزانی چی بکات، منداڵەکە بەو شێوازە سەختترین ئازاری گیانی دەداو نەیدەزانی ویژدانو بەزەیی واتای چی ئەبەخشێت؟. هەر لەو کاتەدابوو ئەمجارەیان باوکی منداڵەکە بۆ ماڵ گەڕایەوە کە تەماشای ئەو دیمەنە دڵتەزێنەی کرد خێرا بە منداڵەکەی وت:- کوڕم، تۆ نابێت لە پێناو هەندێ ئارەزووی خۆت بەو شێوازە لەئاست ئەو بێچووە هەژارە ببیتە دڕندەیەکی ترسناکو ئەو هەموو ئازارەی پێ بچێژێت... کوڕم:- سەرت بەرزکەرەوەو تەماشایەکی ئەو دارەی حەوشەمان بکە، ئەو دوو چۆلەکەیە کە دایکو باوکی ئەو بێچووەیە زۆر ڕقیان لە تۆیە، بزانە چۆن تەماشات ئەکەن! چاوەڕێن تا بزانن چارەنووسی ئەو بێچووەیان لەچنگی تۆ بە چی ئەگات! گوێت لێیانە بەردەوام جریوە جریویان دێت بەڵام ئەگەر لە زمانیان بگەیت ئەوا داوات لێ ئەکەن بێچووەکەیان ئازاد بکەیتو بۆیان بگەڕێنیتەوە.. منداڵەکە لەدوای ئەوەی گوێ بیستی ئەو وتە پڕ لە ئامۆژگاریانەی باوکی بوو یەکسەر ئەمجارەیان بێچووە چۆلەکەکەی لەباوەش گرتو تێرتێر ماچی پەشیمانی کردو چەند تنۆکێک لە فرمێسکی پڕ لە بەزەیی پیاهاتنەوە نێو چاوە جوانەکانی پڕ کرد. ئینجا بێچووە چۆلەکەکەی گەیاندە نێو هێلانەکەو پڕ بە دڵ داوای لێ بووردنی لەبێچوەکەو هەردوو چۆلەکەکەو باوکی خۆی کرد... خۆشیو بەختەوەری گەڕاندەوە نێو خێزانێکی باڵندە.. لەدوایدا بەڵێنیدا ئیتر ئازاری هیچ گیانلەبەرێک نەدات .

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## شووتی

حاتەم باتاسی



مندالان منتان دیووە
من میوەمە من میوە

من بە شووتی ناسراوم
لە وەرزی هاوین باوم

زۆر بەتام و خۆشم
چارەسەری نەخۆشم


بەرگیشم ڕەنگی سەوزە
ئەبەخشم تین و وزە

ناوکم سپی و ڕەشە
ڕەنگم سوور و گەشە


هەڵقوڵاوی نێو خاکم
پڕ لە سوودە خۆراکم



سەرچاوە
Serchawe



# تەندروستی




## بەهارات كاریگەری چەوری زیادە لەناو لەشدا كەم دەكاتەوە



توێژەران دەڵێن" بەكارهێنانی بەهارات مەترسی ژەمە خۆراكی دەولەمەند بە چەوری لەسەر تەندروستی گشتی مرۆڤ كەم دەكاتەوە
تیمی توێژەران لە زانكۆی پەنسلڤانیا لە ئینگلتەرا ئاماژەیان بەوەدا ، كە بیبەرو كاردی لە مادەی دژە ئۆكسیدەكان پێكهاتووە ، ئەمەش كاریگەری چەوری لەسەر دڵ و جگەر كەم دەكاتەوە
بەپێی هەواڵی گۆڤاری دەیلی میلی بەریتانی بەهارات سەرەرای ئەوەی دژی چەوری زیانبەخش لەناو جەستەدا دەوەستێت ، لەهەمان كاتیشدا كاردەكات بۆ رێكخستنی تێكرای ئەنسۆلین لە لەشدا .
هەروەها لە كۆتایدا توێژەران ئامۆژگاری خەلك دەكەن ، كە زیاد لە دوو ملاك بەهارات بكەنە ناو خواردنەوە ، بۆئەوەی كاریگەریەكەی لە كەمكردنەوەی چەوری زیانبەخش لەناو لەشی مرۆڤدا زیاتر بێت .

## رۆژانە ١٥ خولەک وەرزشكردن مرۆڤ تەمەندرێژ دەكات



ئەنجامی تاقیكردنەوەی دوو گروپی زانستی زانایانی "تایوان" و "ئوستراليا" ئاشكرای دەكات كە ئەنجامدانی رۆژانە ١٥ خولەک وەرزشكردنی بەردەوام، دەبێتە هۆی تەمەندرێژی مرۆڤ.
ناوەندی لێكۆڵینەوەی پزیشكی زانستی زانكۆی نیشتمانی تایوان ئەنجامی ئەو لێكۆڵینەوەیە راگەیاندووەو لەو راگەیاندنەدا هاتووە: ئەو كەسانەی كە بەردەوام رۆژانە ١٥ خولەک وەرزش دەكەن تا ٣ ساڵ تەمەندرێژتر دەبن.
ئەو لێكۆڵینەوەیە لەسەر ٤٠٠ هەزار كەس بۆ ماوەی ١٢ ساڵ ئەنجام دراوەو ئەنجامەكەشی دەریدەخات، سەیركردنی بەردەوامی تەلەفزیۆن دەبێتە هۆی تەمەنكورتی مرۆڤ و وەرزشكردنی بەردەوامیش دەبێتە هۆی تەمەندرێژی مرۆڤ.
هەروەها بە پێی راپۆرتی دەزگای هەواڵنێری فەرەنسا، زانایانی ئوسترالیایی لێكۆڵینەوەیەكیان لەسەر كاریگەری وەرزشكردن لەسەر تەمەندرێژی مرۆڤ ئەنجام داوە.
ئەنجامی ئەو توێژینە زانستیانە لەسەر ١١ هەزار هاووڵاتی ئوسترالیایی ئەنجام دراوە و ئاشكرای دەكات هەركاتژمێرێک سەیركردنی تەلەفزیۆن وەكوو ئەوەیە دوو جگەرە بكێشی و تەمەنی مرۆڤ تا ٥ ساڵ كەمدەكاتەوە.

## سوودە گرنگەكانی خواردنی كەرەوز



كەرەوز سەوزەیەكی خۆراكی گرنگ و بەسوودە ، كە لە سەرچاوەی بەسوود پێكهاتووە ، لەوانەش كالسیۆم و سۆدیۆم و پۆتاسیۆم و مەگنسیۆم و مس و ئاسن و مەنگەنیزو یۆد و مادەی كاربۆهیدرات پێكهاتووە .
بەپێی وتەی توێژەران كەرەو یارمەتی هەرس و حالەتی خەوزڕاندن و نەخۆشیەكانی سینگ دەدات ، وە خواردنەوی شەربەتی كەرەوز دەكرێت چارەسەری هەڵامەت و سكچوون و هەوكردنی جۆمگەكان و تەنگە نەفەسی بكات .
كەرەوز بەكاردەهێنرێت بۆ چارەسەركردنی برین و قلشانی پێست و هەوكردنی جۆمگەكان , وە شەربەتی گەڵای كەرەوز بۆ شوشتنی برین بەكاردەهێنرێت .
جێی باسە كەرەوز بۆیەكەم جار لە ناوچەكانی ناوەڕاستی ئاسیا دۆزرایەوەو بەكارهێنرا ، دواتر گواسترایەوە بۆ ئەوروپاو ئینجا دەوروبەی دەریای سپی و ناوەراست.

## خواردنی شیرەمەنی دەبێتە هۆی دابەزینی كێشی لەش




شیرەمەنییەكان بەشێک لە خۆراكی رۆژانەی مرۆڤ لەقەڵەمدەدرێن و بوونی مادەی كەلسیۆم لە ناو شیرەمەنیەكان، ئێسكی مرۆڤ بەهێز دەكات و هەروەها بوونی پرۆتوئین و ڤیتامینەكانی گروپی B لە شیرەمەنی، گەرەنتییە لە پاراستنی تەندروستی مرۆڤ.
بێجگە لەم سوود و تایبەتمەندییانە زانایان پێیانوایە خواردنی شیرەمەنی دەتوانێت چەورییەكانی ناو لەش لەنێو ببات و یارمەتیدەری قەڵەوەكان بێت بۆ دابەزینی كێشی لەشیان.
لە لێكۆڵینەوەیەكدا لەسەر دوو گروپی قەڵەو، ئەو گروپە كە شیرەمەنییان خواردووە لەبەراورد لەگەڵ گروپەكەیتر باشتر توانیویانە كێشی لەشیان دابەزێنن.
ئەنجامەكانی ئەو لێكۆڵینەوە ئاشكرا دەكات، بەرنامەی خۆراكی كەسانی قەڵەو كە شێرەمەنی تێیدا بووە لە ١٢ حەفتەدا ١٠ كیلۆگرام كێشی لەشیان دابەزیوە.
هەروەها زانایان رایدەگەیەنن: ئەو منداڵانە كە شیر دەخۆن، لەبەراورد لەگەڵ منداڵەكانیتر كەمتر تووشی قەڵەوی دەبن.

سەرچاوە : كوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe

# وتەی زانایان






بەرد لە سەری بدەی یان سەر لە بەردی بدەی هەر سەرت دەشکێ.

ژن هێنان کارێکە کە ئەمڕۆ بکەی زووە سبەی بکەی درەنگە.

رق و کینە ناتوانێت رق و کینە لە ناو ببات بەلام خۆشەویستی دەتوانیت.


زانست لە هەموو کارێک دا قسەی یەکەم دەکات بەلام لە هیچ کارێک دا دوایین قسە ناکات.

ئەگەر هەموو مان گویێ لە یەکتر بگرین کەس کینەی کەسی لە دل دا نامێنێت.



مرۆڤی کامل و تەواو کەسێکە کە ژیانی خۆی بە دەستی خۆی دروست بکات.

ئازادی بیرکردنەوە و پێنوس و زمان و ....... دەبێتە هۆی ئاوەدانی ولات.



جوانترین شعر لە سەرانسەری جیهان لایە لایەی دایکانە.

ئیمان سەبرو لێبوردنە.

بە خۆڕاگری بە هەموو شتێک دەتوانی بگەیت -.


ئازادی مافەو دەبیت وەرگیرێ و دیاری نییە پێشکەش بکرێت.

به هەبوونی ئیرادەی بەهێز دەبیتە خاوەنی هەموو شتێک.



بەفیرۆدانی کات خۆ کوشتنێکی ڕاستەقینەیە.

لەبەرانبەرهەمووشتێکدائەتو انی بەرگری بکەی تەنیا خێرو چاکە نەبێت



لەگەل هەژارترین کەسد ئەوەند بەرێز راوەستە وەک ئەوەی لەبەرامبەر پاشادای.

تۆو چاندنی دوێنێ بەرهەمێکە سبەینێ بەری دەدوریتەوە .

ئەدەب یان خۆشەویستی خەرجی نی یە بەڵام هەموو شتێک ئەکرێ

ئەوکەسە ئاقڵە کە بزانێ ئەقڵی کەمە

جیا لە خودی مێژوو دادوەرێکی تر لەم جیاهەنە نییە



# پەندی پێشینیان





به تووند و تیژی کار نابێ مەیسەر
مار به قسەی خۆش له کون دێته دەر

وتیان پشیلە، گووت به دەرمانه!
داپۆشی به خۆڵ ئەو بێویژدانه

نەمدیوه له ئاش گەرمتر کاسه
مەگەر لەژێریا هەبێ نیوکاسه

ڕێژنەبارانه یا ڕەشەبایه
هەر عومری بەفر به بای فەنایه

هەڵه و لەبیرچوون جارو بارێکه
دەڵێن هەر عه قڵەی له خەسارێکه

دۆستت تا نەبێ وەک خۆت دڵ به کوڵ
بۆی هەڵمەڕێژه خێرا کیسەی دڵ!

تا ئەو نەسووتێ بۆ تۆ هەناوی
هەڵمەقرچێنه جەرگت لەتاوی

به کاکەکاکه هات به لامەوه
بوو به سوججەمار، دای به پامەوه

وایان فەرمووه قەدیمی دڵپاک
سوار هەتا نەگڵی، نابێ به سوارچاک

له بەردیان پرسی بۆچی وا ڕەقی؟
گوتی بەردم دی زۆر به دڵڕەقی

شایی نەکراوه، دەهۆڵ تەقەی دێ
بەن نەڕێسراوه، جۆڵا شەقەی دێ

شەڕنەکەر پیشەی زوو دانیشتنه
بەردی زل بەڵگەی نەهاویشتنه

ئەگەر ناتخورێ تۆ بنی ڕانی
چیته له ماندوو نەبوونی شوانی؟



هیوادارم بەدلتان بێت دیلان

# رۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی گەلاوێژ (ژوئیە - ئووت)




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٣ی ژوییەی ١٩٨١ | کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا عەلی مەردان لەشاری بەغدا. |
| ٢ | ٢٣ی ژییەی ٢٠٠٧ | کردنەوەی پەخشی تاقیکاری کورد کاناڵ زمان حالی حیزبی دێموکراتی کوردستان. |
| ٣ | ٢٤ی ژوییەی ١٩٥٣ | بەرێوەچوونی متینگی گەورە لە شاری مەهاباد بەبۆنەی هەلاتنی شای ئێران بەرەو بەغدا ورۆم. |
| ٤ | ٢٤ی ژوییەی ١٩٧٧ | کۆچی دوایی عەبدولرحمان لەتیف ئیسماعیل عەبدوڵلا وێنەگرو دامەزرێنەری چاپخانەی کوردی. |
| ٥ | ٢٤ی ژوییەی ١٩٢٣ | واژو کردنی پەیمانی لۆزان بەوجۆرە بۆ دووهەمین جار بە ڕەسمی کوردستان دابەش دەکردرێ. |
| ٦ | ٢٤ی ژوییەی ١٩٧٧ | کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانی، خاوەنی چاپخانەی کوردستان. |
| ٧ | ٢٤ی ژوییەی ١٩٩٣ | پێکهێنانی بەرەی باکووری کوردستانی) کەلە ١١ حیزب پێکهاتبوون لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس. |
| ٨ | ٢٥ی ژوییەی ٢٠٠٩ | هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەریم و پەرڵەمانی کوردستان لەباشوری کوردستان . |
| ٩ | ٢٥ی ژوییەی ٢٠٠٩ | پێک هاتنی لیستێکی نوێ و قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی گۆران بە سەرۆکایەتی ئەوشیروان مستەفا لە باشووری کوردستان. |
| ١٠ | ٢٧ی ژوییەی ١٩٥٨ | بۆ یەکەمجار لەبرگە سێی دەستووری عێراق دان بە ئەوە داهێنرا کە عێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێک هاتووە. |
| ١١ | ٢٧ی ژوییەی ١٩٩٦ | لەشکرکێشی و بەزاندنی سنووری هەریمی کوردستان هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لە نێوبردنی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، |
| ١٢ | ٢٧ی ژوییەی ٢٠٠٧ | رێکەوتننامەی ستراتیژیی پارتی و یەکیەتی بە ئیمزای سکرتێری یەکیەتی نیشتمانی،مام جەلال و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان،مەسعود بارزانی. |
| ١٣ | ٢٧ی ژوییەی ٢٠١١ | کوچی دووایی حەمایل خان هاوسەری سەرکردەی گەورەی کورد مستەفا بارزانی نەمر و دایکی بەریز مسعود بارزانی سەروکی هەریمی کوردستان . |
| ١٤ | ٢٧ی ژوییەی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی سەید کامیل ئیمامی ناسراو بە ئاوات شاعیری چالاک و نیشتمان پەروەر کورد. |
| ١٥ | ٢٨ی ژوییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی م. مەجید گراوی زانای ئایینی شاری هەولێر. |
| ١٦ | ٣٠ی ژوییەی ١٩٦٣ | کۆچی دوایی بەشیر موشیر نووسەری ناوداری کورد. |
| ١٧ | ٣٠ی ژوییەی ١٩٨٥ | بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کاروانی وەرزش لەشاری بەغدا بەزمانی کوردی. |
| ١٨ | ٣٠ی ژوییەی ١٩٩٢ | هەڵگیرسانی یەکەم شەری نێوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لەشاری کەلار لە باشووری کوردستان. |
| ١٨ | ٣١ی ژوییەی ١٩٨٣ | ریژیمی عێراق لەکۆمەڵگاکانی (قوشتەپەو سۆران و بەحرکە) (٨) هەزار بارزانی ئەنفال و شووین بزر کرد. |
| ١٩ | ٣١ی ژوییەی ١٩٣٢ | بڵاو کردنەوەی گۆڤاری روناکی بە هەمووی ١٥ ژمارەی لێ دەرچوو لە شاری ڕەواندوز و هەولێر. |
| ٢٠ | ١ی ئووتی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی هونەرمەندی میللی و ناسراوی کورد سمایل سەردەشتی لە ڕوداوێکی هاتووچوو لە باشووری کوردستان. |
| ٢١ | ١ی ئووتی ٢٠٠٥ | کراوەتەوە فرۆکەخانەیەوە نێودەوڵەتی سلێمانی، یەکەم گەشتی لە رۆژی ١ی نوامبری ٢٠٠٥ بۆ عەمانی پایتەختی ئوردون بوو. |
| ٢٢ | ١ی ئووتی ١٨٨٢ | راکردنی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەشاری ئەستەمبۆڵ و گەرانەوەی بۆ کوردستان لەرێگەی سۆڤیەت. |
| ٢٣ | ١ی ئووتی ١٩٨١ | یەکەم پەخشی کانالی ئاسمانی MTV تی ڤی تایبەت بە مۆسیقا. |
| ٢٤ | ٢ی ئووتی ١٩٢٢ | بڵاو بوونەوەی رۆژنامەی بانگی کوردستان. |
| ٢٥ | ٢ی ئووتی ١٩٧٤ | کۆچی دوایی ماجید مستەفا چالاکی سیاسی و وەزیری کابینەی (نوری سەعید) لە شاری بەغدا. |
| ٢٦ | ٢ی ئووتی ١٩٥٩ | دەرچوون و بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری بڵێسە لەلایەن سەندیکای مامۆستایان لەشاری سلێمانی. |

سەرچاوە Serchawe


| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | ٤ی ئووتی ١٩٦٦ | چاپخانەی خەبات لەشاری دهۆک کەوتە کار. |
| ٢٨ | ٤ی ئووتی ١٩٦٠ | کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی شاعیر ، مێژوو نووس و وەرگێری ناوداری کورد. |
| ٢٩ | ٥ی ئووتی ١٩٦٦ | کۆچی دوایی مامەند کەرکوکی شاعیری بە توانای کورد. |
| ٣٠ | ٥ی ئووتی ١٩١٩ | سەردانی عارف پاشا ماردینی سەرۆکی(کۆمەڵەی کوردستان)لە گەڵ سورەیا بەدرخان لە دەفتەری هێزەکانی ئینگلیز بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان. |
| ٣١ | ٥ی ئووتی ١٩٥٦ | تیرۆری یارمحەممەد خان زەردەلانی چالاکی سیاسی و تێکۆشەری کوردی کرمانشان لە قوی لک بەدەست چەند چەکداری نەناسراو. |
| ٣٢ | ٦ی ئووتی ١٩٣٦ | کۆچی دوایی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هونەرمەند و مامۆستا ناوداری مەقامی کوردی لە شاری سنە . |
| ٣٣ | ٦ی ئووتی ١٩٩٦ | کۆچی دوایی بڵند حەیدەری شاعیری لێهاتووی کورد لەشاری لەندەن وڵاتی بریتانیا. |
| ٣٤ | ٧ی ئووتی ١٩٣٨ | هەرەس و کۆتایی هاتنی شۆرشی دووهەمی دەرسیم لە باکووری کوردستان. |
| ٣٥ | ٧ی ئووتی ١٩٧٣ | کۆچی دوایی عومەر ساقی مامۆستای پەروەردەکار و یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی نووسەرانی شاری هەولێر. |
| ٣٦ | ٨ی ئووتی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی ئارام تیگرانلە کارمەندی ڕادیۆی ئەرمەنستان،هونەرمەند و گۆرانیبێژی کورد زمانی ئەرمەنیی. |
| ٣٧ | ٨ی ئووتی ١٩٧٩ | حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان (حسیک)حیزبی سۆشیالستی کوردستان(حسک)،ئێستا ئەم پارتە بوە بە حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان |
| ٣٨ | ٨ی ئووتی ٢٠١١ | کۆچی دوایی دوکتور حەبیبوڵڵا تابانی، نووسەر، وەرگێر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکو لە تەمەنی ٧٧ ساڵی دا لە شاری تەوریز. |
| ٣٩ | ٩ی ئووتی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی جەبار فەرمان وەزیری پێشمەرگە لەیەکەم کابینە،وەزیری ناوخۆ ،لە ساڵی ١٩٩٩ جێگری فەرماندەریی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، |
| ٤٠ | ٩ی ئووتی ١٩٧٢ | کۆچی دوایی قەدری جان شاعیر و ڕامیاریناس و چیرۆکنووس و وتارنووس و وەرگێڕ،لە شاری دیمەشق. |
| ٤١ | ١٠ی ئووتی ١٩٢٠ | پەیمانی سیڤەر بڕیاری دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان. |
| ٤٢ | ١٠ی ئووتی ٢٠٠١ | کۆچی دوایی خانم ئێران موجەرد یەکەمین گۆرانیبێژی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ورمێ. |
| ٤٣ | ١٠ی ئووتی ١٩٥٦ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد( KSSE) لە ئۆروپا. |
| ٤٤ | ١١ی ئووتی ١٩٩٩ | لە باکووری خورئاوای باشووری کوردستان.لە کات ژمێری سێ وپەنجاخولەکی پاش نیوەرۆ ئەم ڕۆژە دا خۆر گیرا. |
| ٤٥ | ١٢ی ئووتی ١٩٢٨ | خۆ تەسلیم کردنەوەی هەردوو براکەی شێخ سەعیدی پیران ، شێخ مەهدی و شێخ عەبدولرەحیم بەحکوومەتی تورکیە. |
| ٤٦ | ١٣ی ئووتی ٢٠١٠ | ئاگربەسی یەکلایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستان،لەساڵی١٩٩٣هەتا ئێستا ئەوە ١٨ هەمین ئاگربەستی یەکلایەنەی ئەو پارتە بۆ چارە سەری ئاشتیانە. |
| ٤٧ | ١٣ی ئووتی ١٩٤٥ | هێرشی سپای حکوومەتی بەغدا بۆسەر ناوچەی بارزان بۆ نیو بردنی شۆرشی ئەم ناوچەیە. |
| ٤٨ | ١٣ی ئووتی ١٥٩٧ | بەرگی یەکەمی کتیبی شەرەفنامە لە نووسینی شەرەفخانی بەدلیسی بڵاو کرایەوە. |
| ٤٩ | ١٤ی ئووتی ١٩٩٣ | دەستی پێی کردنی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر. |
| ٥٠ | ١٥ی ئووتی ١٩٦٠ | پێک هاتنی دووهەم کۆنگرەی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان. |
| ٥١ | ١٥ی ئووتی ١٩٧٩ | شەهید کردنی ٢١ تێکۆشەری کورد لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٥٢ | ١٥ی ئووتی ١٩٩٥ | تیرۆری عەلی کاشف پوور ڕووناکبیر و چالاکی سیاسی و تێکۆشەری دیرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،لە قونیە- تورکیە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران. |
| ٥٣ | ١٥ی ئووتی ٢٠٠٢ | کۆچی دوایی ئازاد شەوقی هونەرمەندی تابلۆکێشی لێهاتوو و بە توانای کورد. |
| ٥٤ | ١٦ی ئووتی ٢٠٠٩ | ماڵئاوایی مامۆستا حەسەن یوسف زەمانی کارگێری ڕادیۆیی ورمێ ،سنە و تاران،مۆسیقا ژەن خاوەنی دەیان کۆنسێرت،و دانەری گۆرانی لە تۆرۆنتۆی کانادا. |
| ٥٥ | ١٦ی ئووتی ١٩٩٢ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی ڕزگاریی کوردستان لەلایەن ڕێکار ئەحمەد.لە باشووری کوردستان. |
| ٥٦ | ١٦ ئووتی ١٩٤٢ | دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک) لە شاری مەهاباد، ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٥٧ | ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد.لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ – ک) |
| ٥٨ | ١٦ی ئووتی ١٩٢٣ | بۆردومان کردنی شاری سلێمانی لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە. |
| ٥٩ | ١٦ی ئووتی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی بەهادین ئەدەب یەکیک لە دامەزرێنەرانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە شاری تاران. |
| ٦٠ | ١٦ی ئووتی ١٩٨٦ | بۆردومان کردنی گوندەکانی شاری زاخۆ لەلایەن هێزەکانی تورکیە. |
| ٦١ | ١٦ی ئووتی ١٩٩٣ | یەکگرتنی پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی گەل لەکۆنگرەی ١١ی پارتی لەشاری هەولێر. |
| ٦٢ | ١٧ی ئووتی ١٩٦٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی دەنگی کورد لەشاری بەغدا. |
| ٦٣ | ١٧ی ئووتی ٢٠١٠ | ٢٢٨ ڕێکخراوی سیاسی، ئایینی، کەلتوری، مەدەنی، لەکۆبونەوەیەکی هاوبەشدا پشتگیری خۆیان بۆ "ئۆتۆنۆمی دیموکراتی" بۆ کوردەکانی تورکیە. |
| ٦٤ | ١٧ی ئووتی ١٩٦٣ | دەوڵەتی مەغولستان کێشەی کوردی بردە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵام لە ژێر گوشاری یەکیەتی سوڤیەتی لە داواکەی خۆی پاشگەز بووە. |
| ٦٥ | ١٨ی ئووتی ١٩٢٤ | بڵابوونەوەی ڕۆژنامەی ژیانەوە بە هەمووی ٥٦ ژمارەی لە شاری سلێمانی لێ بڵاو کرایەوە. |
| ٦٦ | ١٨ی ئووتی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی ئەسکەندەر عوسمان جامباز هونەرمەندی نیگارکێشی ڕئالیست لە شاری هەولێر. |
| ٦٧ | ١٨ی ئووتی ٢٠٠٣ | دەستگیرکردنی تەها یاسین ڕەمەزان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لەشاری موسڵ دوایی درایە دەستی هێزەکانی ئەمریکا. |
| ٦٨ | ١٩ی ئووتی ١٩٦٥ | کوشتنی ٦٧ هاوڵاتی لە لایەن هێزەکانی ڕێژێمی بەعس لەشاری دهۆک. |
| ٦٩ | ١٩ی ئووتی ١٩٧٩ | ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای سازکردنی شەر لە پاوە،سەپاندنی شەریکی سەرانسەری( شەری سێ مانگە |
| ٧٠ | ١٩ی ئووتی ١٩٦٦ | ڕوودانی بۆمەلەرزە لە وارتۆ لای موش کە ٣٠٠٠ کوشتە و ٢٠٠٠٠ ماڵ وێران دەبن ! لە باکووری کوردستان. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٧١ | ٢٠ی ئووتی ١٩٤٧ | کۆچی دوایی م.عەزیز موفتی زانای ئایینی کورد. |
| ٧٣ | ٢١ی ئووتی ١٨٨٢ | حکوومەتی بەغدا ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەی ئێران کردەوە کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هاتۆتە سنوورەکانی ئێران. |
| ٧٤ | ٢١ ی ئووتی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی محێدین زەنگەنە نووسەرلەبواری نوسینی رۆمان و شانۆ و خاوەنی چەند خەڵات. لە شاری سلێمانی |
| ٧٥ | ٢٢ی ئووتی ١٨١٣ | کۆچی دوایی ئەورەحمان پاشای بابان یەکێک لە میرە هەر ناودارەکانی کورد. |
| ٧٦ | ٢٢ی ئووتی ١٩٢٢ | یەکەم ژمارەی رۆژنامەی بانگی کوردستان بڵاوکرایەوە. |

# یادێک لە هونەرمەندی ناوداری کورد سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی

"سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی' لە ساڵی ١٨٨١ لە گوندی سەڵواتئاوی سەر بە شاری سنە هاتووەتە دنیاوە،' سەید نزامەدین' باوکی کە کەسایەتیەکی ئایینی بە ناوبانگی هەرێمەکە بوو'عەلی ئەسغەر' دەباتە شاری سنە و لە مزگەوتی'دارولئێحسان' لە مە...کتەبی'عەبدولموئمی' باوکی ئایەتوڵڵا مەردۆخ ناونووسی دەکات.



هەر ئەو سەردەمەش بەهرەی دەنگخۆشی تیادەر کەوتووە و بۆتە سەر باشقەی دەنگ خۆشەکانی شاری سنەلە بۆنە ئایینیەکان دا .

سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی وەک سۆفی ژیاوە و بەتەنگ ماڵی دنیاوە نەهاتووە . زوربەی کاتی خۆی بەخوا پەرستی و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردییەوە بەسەر بردووە

ساڵی ١٩٠٥ خێزانی پێکەوەناوە، پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ئەشراف و ناودارەکانی شاری سنە و دەوروبەری دا دروست کردووە .

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی هەوڵی داوە گۆرانی رەسەنی کوردی لەسەر قەوان تۆمار بکات و زیاتر لەچواردە گۆرانی بۆ کۆمپانیاکانی ئەو سەردەمەتۆمار کردووە. سەیید عەلی ئەسغەر ئەو هونەرمەندە بلیمەتەیە کە مەقامە رەسەنە کوردییەکانی پاراست و شیعری بەرزی شاعیرانی کوردی کرد بەگۆرانی .

لەسەر دەستی شێخ عەلی حسامەددین تەریقەتی نەقشی وەرگرتووە و لەو چوار جارەی کەسەردانی باشووری کوردستانی کردووە، سێ جاری بۆ زیارەتی بیارەبووە .

دوا سەردانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە بۆ باشووری کوردستان ساڵی ١٩٣٥ بوو لەرێی قەسری شیرینەوە خۆی گەیاندە بەغداو لەوێ بە دیداری شێخ مەحمود شاد بوو، لەگەڕانەوەشی دا ماوەیەک لەکەرکوک و سلێمانی مایەوە .

هونەرمەند'عەلی ئەسغەر'سەرەڕای ئەوەی لای هیچ مامۆستایەکی مۆسیقی پەروەردەی نەبینیبوو،زۆربەی دەزگاکان و مەقامەکانی لە مۆسیقی دا دەناسی و ئەوەی دەیخوێند مۆسیقی ڕەسەنی کوردی بوو یان لەسەر بنەمای مۆسیقی ڕەسەنی کوردی گۆرانیەکانی بەرهەم دەهێنا. شێعری زۆربەی گۆرانیەکانی ئەو هونەرمەندە یان شیعری فۆلکلۆری کوردی بووە یان لە دیوانی شاعیرانێک وەک' مەولەوی کورد،وەفایی مەهابادی، تاهیربەگی جاف یان بابا تاهیر هەمەدانی بووە.



سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی مۆسیقی ئێرانی بە باشی ناسیووە بەڵام چۆن و لە کوێ ئەو یەکە فێربووە تا ئێستاش جێی باسە،چونکە ڕاگەیاندنە گشتیەکان لەو سەردەمەدا لە هەرێمی ژیانی ئەو بوونیان نەبووە .

هونەرمەندی کورد'عەباس کەمەندی 'سەبارەت بە سەید عەلی ئەسغەر نووسیویەتی: لە کاتی هاتووچۆی"عارف قەزوینی 'شاعیر و هەڵبەستوانی بە ناوبانگی ئێران بۆ ماڵی ئاغاکانی شاری سنە سەید ئەسغەر،ئەو کەسەی بینیوە و ڕەنگە لە عارفی قەزوینیەوە شێوازی ئەو ئاوازانە فێر بووبێت چونکە ئاوازەکانی سەید عەلی ئەسغەر نزیکی هەیە بە ئاوازەکانی عارف قەزوینیەوە، بە وتەی عەباس کەمەندی ئەگەر ئەو گریمانە ڕاست نەبێت عەلی ئەسغەر بۆ خۆی ئەو مێتۆدەی لە موسیقی کوردیدا داهێناوە ،چۆن ئەو مێتۆدە تایبەت بە سەید عەلی ئەسغەر بووە و جگە لەو و شوێنی لە دایکبوونی لە هیچ شوێنێکیتری کوردستان بەو مێتۆدە گۆرانی نەوتراوە.

هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی ئاوازەکانی ڕەسەنی کوردی بە مێتۆدی خۆی خوێندووە کە هەندێک لەو ئاوازانە بریتین لە:

غەم ئەنگیز،شیعری باباتاهیر،یار غەزال لە بەیاتی تورک،زەردی خەزان لە بەیاتی تورک،کورتە باڵا لە دەشتیدا،دەردی هیجران،ڕەفیقانی تەریقەت و نابێ هەی نابێ و هەروەک بازوو بن .

زۆرێک لە ئاوازەکانی سەید ئەسغەر ئێستاکە نەماون،بەڵام لە کاتی دامەزراندنی ڕادیۆی سنە لە ساڵی ١٩٤٨ ەوە نزیکەی١٣ ئاوازی کۆپی کراو لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەوە.

مامۆستا عەلی ئەسغەرکوردستانی هونەرمەندی گەورەی کورد لە ڕۆژی ٦ی ئاگوستی ١٩٣٦ لە شوێنی لە دایکبوونی واتە گوندی سەڵواتئاوا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

**تیبێنی :**

لە راستێدا ئەم مێژووەش هەڵەیە و بە پێی پرس و جۆی تازە کە من کردوومە، دروستەکەی ئەوەیە کە: سەید عەلی ئەسغەر ساڵی ١٨٧١ ی زایینی لە دایک بووەو و ساڵی ١٩٣٢ ی زایینی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی تایلەی نێوان گەڕەکی فەیزاوا و چواباخی شاری سنە بە خاک ئەسپێراوە! چونکە ئەگەر سەید عەلی ئەسغەر ساڵی ١٨٨١ی زایینی لە دایک بووبێ و ٦١ ساڵ ژیابێ، دەبێ ساڵی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کردبێ لە کاتێکدا وا نییە!

ناسری ڕەزازی ستۆکهۆڵم ٢٢/٥/١٩٩٢

سەرچاوە Serchawe


تاڤگەی شڵماش
سەردەشت
تاڤگەی شڵماشت کەف لە دەم پرژێن
تۆرە و تۆسنە بەڵام دڵ بزوێن
دەروونی لێڵە و لە سەفەر دایە
سەدان گلەیی لە دەفتەر دایە
دەپێوی کەوە و لاپاڵ و سنوور
لە پێشی دایە سەفەرێکی دوور
هاژەی بەستراو و گرمەی ئاوڵدێر
جوانی دەبەخشێ بە دەشتی زەنوێر
عەبدولخالەق نەقیب